نەوژین

ژمارە (٢) یەکشەممە ٢٠١٧/١/٢٢

مانگنامەیەکی تایبەتە بە پرسەکانی ژنان، رادیۆی دەنگ بە پاڵپشتی سندوقی نیشتمانی بۆ دیموکراسی NED ئەمریکی لەگەرمیان دەریدەکات

کچێک لە ١٠ ساڵدا ١٠ کتێبی وەرگێڕاوە

2 »»

گەرمیانیەکان ژنان هەڵنابژێرن!

نەوژین

لەگەرمیاندا تائێستا هیچ کاندیدێکی ژن لە هەڵبژاردنە گشتیەکانی کوردستان و عێراق بەلیستی نیمچە کراوە سەرکەوتنی بەدەستنەهێناوە، ئەو ژنانەشی بون بەنوێنەری هەڵبژێردراو، لەرێگەی لیستی داخراوی هەڵبژاردنەوە بون.

بەپێی بەدواداچونێکی رۆژنامەی (نەوژین)، لەدوای ساڵی ٢٠٠٣وە لەو هەڵبژاردنە جیاوازانەی بۆ ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق و پارلەمانی کوردستان و ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی کراوە، تەنها ٤ ژن سەرکەوتون و بون بەنوێنەر، کە سیانیان بەدەنگی راستەوخۆ هەڵنەبژێردراون.

لەهەڵبژاردنی پارلەمانی کوردستان بۆ ساڵی (٢٠٠٥)، گوڵاڵە عەزیز «گوڵاڵەی گەرمیان» وەکو پارلەمانتار لەسەر بەشی یەکێتی لە لیستی هاوبەشی یەکێتی نیشتمانی کوردستان و پارتی دیموکراتی کوردستان هەڵبژێردرا، کە ئەوکات شێوازی هەڵبژاردن داخراو بو و دەنگدەر دەنگی بە لیست دەدا نەک کاندید.

لەهەمان ساڵ و لەهەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی، (شەهلا فەیزوڵڵا)، لەسەر لیستی یەکێتی نیشتمانی کوردستان و وەکو نوێنەری ناوچەی گەرمیان بو بە ئەندامی ئەنجومەن، کە هەڵبژاردن لەو ساڵەشدا بەهەمانشێوە بەلیستی داخراو بەڕێوەچو.

لەهەڵبژاردنی ٢٠٠٩ ی پارلەمانی کوردستان، (پەیام ئەحمەد) یەکێک لە کاندیدەکانی سنوری گەرمیان، لەسەر لیستی بزوتنەوەی گۆڕان بو بە پارلەمانتار، کەبەهەمانشێوە شێوازی دەنگدان لەو هەڵبژاردنەش دا داخراو بو.

لەوە بەدواوەو لەوکاتەوەی شێوازی دەنگدان و هەڵبژاردن کراوە بە لیستی نیمچەکراوە، تاوەکو ئێستا هیچ پاڵێوراوێکی ژن لەگەرمیان، نەیتوانیوە سەرکەوتن لە هەڵبژاردنەکانی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق و پارلەمانی کوردستان و ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی دا بەدەست بێنێت، تەنها (ئەشواق جاف) نەبێت کە لەلیستی پارتی بۆ هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق کاندید بو و سەرکەوتنی بەدەستهێنا، ئەگەرچی ناوبراو لەدایکبوی قەزای کفرییە، بەڵام لە مێژەوە لە دەڤەرەکە نیشتەجێ نیە.

رۆژنامەنوسێکیش پێیوایە هۆکاری ئەمە بۆ عەقڵیەتی کۆمەڵگە دەگەڕێتەوە کە نوێنەرایەتییکردن بە کارێک نازانێت بۆ ژنان دەستبدات.

شەرمین عەلی، بە (نەوژین)ی وت: «هێشتا بەشێکی زۆری خەڵک وابیردەکەنەوە کایەی سیاسی و بون بە نوێنەری خەڵک پێویستی بە شەڕە بۆکس و هێزی بازوە نەک کارامەیی کاندیدەکان، ئەو تایبەتمەندییەش تەنها لە پیاودا دەبیننەوە، بۆیە دەنگ بە ژن نادەن».

وتیشی: «ئەوەی جێی داخە ئەوەیە کە زۆرینەی دەنگدەران لە کوردستاندا ژنن، واتە ئەگەر تەنها ژنیش دەنگ بە کاندیدە ژنەکان بدات، ئەوا زۆرینەی کاندیدە دەرچوەکان ژن دەبن».

ژنێک لەکاتی دەنگداندا

ژنانی شەهیدانی دەستی داعش .. قوربانیدان و خۆڕاگریی

2 »»

ژنان لە گەرمیان کارکردن دەکەنە نەریت

5 »»

«هۆشیاری لەلای ژنانی گوندنشین لەگەرمیان زۆر لاوازە»

نەوژین

چالاکوانێکی رێکخراوەکانی ژنان لە گەرمیان، رایدەگەیەنێت ئاستی هۆشیاری لەلای ژنانی گوندنشین لەگەرمیان زۆر لاوازەو پێویستیان بە پرۆژەی هۆشیاریی هەیە بەتایبەتی لە روی تەندروستیەوە.

گوڵباخ حەسەن، چالاکوانی ژنان لە گەرمیان، بە (نەوژین)ی وت: «پێشتر رێکخراوەکان زۆر چالاک بون لە سنورەکەو خزمەتی ژنانیان دەکرد، بەڵام ئێستا ئەو چالاکییانەیان کەم بوەتەوە.»

ئەو چالاکوانە، ئاماژەی دا کە لەهەمو بوارەکاندا ژنانی گوندنیشین بەگشتی هۆشیارییان لاوازە، بەتایبەت لەبواری تەندروستی دا کە زۆر بنەمای تەندروستیی سەرەکیی و ئاسان هەیە کەدەبێت هەمو مرۆڤێک پەیڕەوی لێبکات و بیزانێت، بەڵام لەوێ پەیڕەو ناکرێت.

وتیشی:»سەرباری لایەنی تەندروستی، لە روە کۆمەڵایەتییەکەشەوە زۆرجار ژنانی گوندنشین بێدادیی خۆیان لەوە دەردەبڕن کە تەنانەت کەس شک نابەن پرسەکانی خۆیانی لەگەڵ تاوتوێ بکەن، ئەمە سەرباری ئەوەی کە ئەوان پێویستییان بە کۆرس و راهێنانی زیاتر هەیە.»

«ژنان زۆرترینی قوربانیەکانین»

خراپ بەکارهێنانی مۆبایل لەگەرمیان لە هەڵکشاندایە

نەوژین

لە سنوری ئیدارەی گەرمیان حاڵەتەکانی خراپ بەکارهێنانی ئامێرەکانی پەیوەندیکردن بەتایبەت موبایل روی لە زیادبون کردووە پۆلسیش دەڵێت لەساڵی پار دا ١١٥ حاڵەت تۆمارکراوە، چالاکوانێکیش باسلەوەدەکات کە زۆرجار لەم رێگەیەوە ژنان لەخشتە دەبرێن.

خراپ بەکارهێنانی ئامێرەکانی پەیوەندیکردن، بریتییە لە ئەنجامدانی تاوان و کاری نایاسایی لەرێگەی مۆبایل و تەلەفۆن و ئینتەرنێت و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان. لەگەڵ پەرەسەندنی ئەم خزمەتگوزارییانە لە کۆمەڵگادا، ئەو تاوان و سەرپێچییانەی کە لەرێگەیانەوە دەکرێت، زیادیان کردوە.

بەوتەی رائیدی مافپەروەر: عەلی جەمال، وتەبێژی پۆلیسی گەرمیان:» لە ماوەی ساڵی ٢٠١٦ دا لە سنوری ئیدارەی گەرمیان، (١١٥) حاڵەتی خراپ بەکارهێنانی ئامێرەکانی پەیوەندیکردن تۆمارکراون کە (٨٩٩) کەس لەسەرئەم حاڵەتانە دەستگیرکراون».

رونیشیکردەوە: ئەم حاڵەتانە سەرپێچی و تاوانی جۆراوجۆرن و بە ئامێری جیاواز ئەنجام دراون.

سەبارەت بە زیادبونی حاڵەتەکانی سەرپێچیی و تاوان بەهۆی ئامێرەکانی پەیوەندیکردنەوە، وتەبێژی پۆلیسی گەرمیان، جەختی لە زیادبونیان کردەوە.

رائید عەلی جەمال، رونیکردەوە: «بەبەراورد بە ساڵی پێشتر، حاڵەتەکانی خراپ بەکارهێنانی ئامێرەکانی پەیوەندیکردن زیادیان کردوە، چونکە لە کاتێکدا لە ساڵی ٢٠١٦ دا ١١٥ حاڵەت تۆمارکراون، لە ٢٠١٥ دا ژمارەکە ٨٨ حاڵەت بوە«.

ئەم زیادبونەی تاوانەکانی پەیوەندیدار بە ئامێرەکانی پەیوەندیکردنەوە، چالاکوانانیش جەختی لێدەکەنەوە، بەتایبەتی لەتۆڕە کۆمەڵایەتییەکان، کە هەندێکجار دەکرێتە هۆکارێک بۆ لەخشتە بردنی کچان.

چالاکوانێک کە لەبەر هەستیاری بابەتە داوای کرد ناوی بڵاونەکرێتەوە، بە (نەوژین)ی وت: «تائێستا سێ حاڵەتمان هاتوەتە بەردەست کە کوڕان لەرێگەی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانەوە پەیوەندیان لەگەڵ کچان داناوەو دواتر هەر لەو رێگەیەوە توشی گرفتیان کردون».

لەژمارەی داهاتودا، (نەوژین) بەدواداچونێکی تایبەت لەمبارەیەوە بڵاودەکاتەوە.

گەرمیان: رێژەی لەدایکبونی منداڵی کوڕ زۆرترە لە منداڵی کچ

10 »»

ژنانی شەهیدانی دەستی داعش .. قوربانیدان و خۆڕاگریی

▪ نەوژین، ژینۆ عەلی

شەڕی دژ بە داعش (شیرین)ی لەو خەونانە بێبەش کرد کە بەنیاز بو پاش هاوسەرگیری بە دیان بێنێت، ئەویش پاش نزیکەی ساڵێک لە هاوسەرگیریان هاوژینەکەی شەهیدکرا.
شیرین (٢٢ ساڵ) کە ناوی خوازراوی ژنە شەهیدێکی دانیشتوی ناحیەی رزگاری سەر بە قەزای کەلارە، یەکێکە لەو دەیان ژنەی کە شەڕی داعش لە هاوژینەکەی دابیڕیون.

ژنە شەهیدێک

فۆتۆ: عوسمان میروەیسی

ئەو بەدەم هەنسکی گریانەوە باسی هاوژینەکەی بۆ (نەوژین) دەکات و دەڵێت: «دوای ئەوەی رۆژی (٢٠١٥/٩/٩) هەواڵی شەهیدبونی هاوژینەکەم پێگەیشت توشی شۆک بوم، سەرەڕای ئەوەی باوەڕم بە هەواڵەکە نەکرد و چەندین جار تەلەفۆنم بۆ هاوژینەکەم کرد، بەڵام وەڵامی نادایەوە.»

شیرین، کە خەمی لە دەست دانی هاوژینەکەی بە روخسارییەوە دیار بو باسیلەوەش کرد: «لەکاتی شەهیدبونی هاوژینەکەم دوگیانبوم، دوای ماوەیەک خودا کوڕێکی پێبەخشین کە هاوژینەکەم ئاواتی ئەوەبو کورەکەمان ببینێت، بەداخەوە قەدەر نەیهێشت چاوی بەکوڕەکەمان بکەوێت.»

بەپێی ئامارێکی بەڕێوبەرایەتی شەهیدان وئەنفالکراوانی گەرمیان لە ماوەی روبەروبونەوەکانی هێزەکانی پێشمەرگە لەگەڵ تیرۆرستانی داعش (١٤٠) پێشمەرگە کە دانیشتوی گەرمیانن شەهیدبون.

مەریەم، هەرچەندە لە بەهاری تەمەنیدایە، بەڵام دو ساڵ لەمەو بەر مەولودی مێردی لە سەنگەری بەرگریدا شەهید کرا. وەک خۆی دەڵێت: «ئێستا بە ئومێدەوە مناڵەکانی پەروەردە دەکات».

مەریەم عەلی (٢٥ ساڵ)، باسی ژیانی بۆ (نەوژین) دەکات و دەڵێت:» هەرچەندە دوای شەهید بونی مەولود دەرگای خۆشەبەختیم داخراو باری دەرونی من و منداڵەکانیش تێکچوەو ژیانمان بوە بەدۆزەخ، بەڵام ناچارین تەحەمولی بکەین.»

مەریەم، کە بەرویەکی زەرد هەڵگەراوەو قسەی دەکرد زیاتر دواو وتی: «زۆرجار خەڵکانێک پێم دەڵێن جارێکی تر هاوسەرگیری بکەرەوە، بەڵام ئەوان ئاگایان لە دڵی من نیە، من خۆم یەکلای کردوەتەوە بۆ ژیاندنی یادگاریەکانی مەولود تامردن.»

ئەو باسی رەوشی ژیانی دەکات و دەڵێت: «من لەخانوی خۆمدا دەژیم، بەڵام کاریگەری قەیرانمان هەرلەسەر هەبوە، لەگەڵ ئەوەشدا حاڵمان باشە، ئێمە تەنها بە موچەکەی مەولود دەژین هیچ کەسێک هاوکاریمان ناکات.»

هەرچەندە ماوەی زیاتر لە دو ساڵە هێزی پێشمەرگە لە روبەروبونەوەدایە لە گەڵ تیرۆرستانی (داعش) تاوەکو ئێستا حکومەتی هەرێم هیچ پرۆژە یا خود هاوکارییەکی بۆ شەهیدانی روبەروبونەوەی دژ بە داعش ئەنجام نەداوە .

خۆراسان سالح (٣٩ساڵ)، بە (نەوژین)ی راگەیاند: «دوای شەهیدبونی هاوژینەکەم کەماوەی دوساڵە شەهیدبوە، ژیان بەرەو سەختی زۆرم ئەبات، بەخێو کردنی چوار منداڵ کارێکی قورسە، وەلێ کۆڵ نادەم بۆ بەجوانی بەخێوکردنی منداڵەکانم و باش پەروەردەکردنیان.»

بە هۆی قەیرانی دارایی و نەبونی سەرچاوەیەکی دیکەی داهاتەوە و بە خێوکردنی چوار منداڵ (خۆراسان) باری دارایی باش نیە و وەک خۆی دەڵێت حکومەت ولایەنە پەیوەندیدارەکان هاوکاری نەبونە، جگە لەوموچەیەی کە وەری ئەگرێت هیچ کەسێک بژێوی ژیانیان بۆدابین ناکات.

سەرەڕای ئەو نارەحەتی و نەهامەتیانەی پاش شەهیدبونی هاوژینەکەی هاتوەتە رێگەی، خۆراسان شانازی بە شەهیدبونی هاوژینەکەیەوە دەکات.

بە پێی ئەو ئامارانەی لە لایەن وەزارەتی پێشمەرگەوە بڵاوکراونەتەوە لە شەری دژ بە داعش دا زیاتر لە هەزار پێشمەرگە شەهید بون، ئەمەش بوەتە هۆی کۆست و تێکچونی ژیان و شیرازەی چەندین خێزان.

شیرین، کە ئێستا لەگەڵ ماڵی باوکی دەژی، باسلەوەدەکات رۆژانە بەبەخێوکردنی کۆرپەکەیەوە سەرقاڵ دەکات. دەڵێت: «خەمەکانم تاڕادەیەک کەم ئەکاتەوە، هەندێجار بەڕادەیەک بیری هاوژینەکەم ئەکەم کە بەسەر کۆرەکەمەوە ئەگریم هەتا ناخم ئاسودە نەبێت ژێر نابمەوە.»

کەمپی شێرەوەن، ژنانی چالاک و دەرفەتی کەم

وێنە: بەشداری ژنانی شێرەوەن لە چالاکیەکی هۆشیارکردنەوەدا

▪ نەوژین،
زریان محەمەد- جوانە جەلیل

ژنانی گوندی شێرەوەنی سەربە قەزای خانەقین، هەرچەندە کلتور لە قاڵبی داون و رێگای کارکردنی لێگرتون، بەڵام ئەوان لە کونجی ماڵەکانیشیاندا دەستەوەستان نەبون و سەرقاڵی کاری درومانی و دەست رەنگینین.

گوندی شێرەوەنی سەربە قەزای خانەقین، لە دوای روخانی رژێمی بەعس لەساڵی ٢٠٠٣، کۆمەڵێک خانوی تێدا دروست کرا بۆ ئەو کوردانەی رۆژهەڵات کەپێشتر دانیشتوی کەمپی (التاش)ی سەربە رومادی نیشتەجێبون.

ئامینەی تەمەن (٤٧) ساڵ، کە ژنی ماڵەوەیە، باس لەوە دەکات «ئێمە بۆماوەی (١٤) ساڵە لەم کەمپەدا دەژین وبەهۆی زاڵبونی کلتور و داب ونەریتەوە ناتوانین هەمو کارێک بکەین، تەنها دەتوانین کاری دەستڕەنگینی و درومانی بکەین».

بەهەمان شێوەی پورە ئامینە، (بەناز) (٢٩) ساڵ کە بۆ ماوەی (٣) ساڵە هاوسەرگیری کردوە، دەڵێت: «لەم کەمپەی ئێمەدا، ژنان ناتوانن بڕۆنە دەرەوەو هەمو جۆرە کارێک ئەنجام بدە، تا ئێستاش هیچ لایەن و رێکخراوێکی ژنان سەردانی نەکردوین بۆ خستنە سەرکاری ژنان لێرەدا»

وتیشی: «ئەگەرچی چەن ئافرەتێکی کەم کەلە پەنجەکانی دەست تێناپەرن بۆ کارکردن دەڕۆشتنە دەرەوەی کەمپەکە، بەڵام روبەڕوی ئاستەنگ و تانەو تەشەری دەوروبەردەبونەوە».

دانیشتوانی گوندی شێرەوەن، سەرباری خراپی بارودۆخی ژیان و گوزەرانیان گوندەکەشیان لەڕوی خزمەتگوزارییەوە بەپێی پێویست ئاوڕی لێنەدراوەتەوە، ئەو بنکە تەندروستیەی کەتێیدایە لەئاستی پێویستدا نیە و ئەو کتێبخانەشی کە تێیدابو بۆ ماوەیەکی زۆرە داخراوە، لەگەڵ ئەوەشدا هیچ شوێنیکی شیاوی تێدا نیە تا گەنجان روی لێبکەن بەتایبەت ئافرەتان، هەربۆیە کچان و ژنانیشیان زۆربەی کاتەکانییان لەماڵەوە بەسەر دەبەن.

سارا، کە خوێندکاری پۆلی (١٢) ئامادەیی یە، باس لەوە دەکات «بەهۆی نەبونی قوتابخانە لە شێرەوەن بۆ پۆلەکۆتاییەکان واتە (ئامادەیی) ناچارین بۆ تەواوکردنی خوێندن رێگەیەکی دور ببڕین بۆ شاری کەلار یاخود خانەقین».

وتیشی: «لەگەڵ ئەوەشدا کرێیەکی زۆر دەدەین بۆ هاتوچۆ، سەرەڕای بارگرانی مادی و ماندوبونمان هیچ ئومێدیکمان بەخوێندن نیە، چونکە لەدوای تەواوکردنی خوێندنمان هیچ کاریکمان بۆ ناکرێت، بەهۆی نەبونی ناسنامەی عێراقی، ئەوانەشمان کە ناسنامەیان بۆ دەرکراوە لە ئێستادا ناسنامەکەیان کاری پێناکرێت واتە (راگیراوە)».

ژنانی شێرەوەن، سەرباری ئەو گرفتانەی کە بەهۆی ئاوارەییەوە دوچاری بون، باشوری کوردستان «هەرێمی کوردستان» بە نیشتمانی خۆیان دەزانن و ئامادەنین بگەڕێنەوە زێدی خۆیان «رۆژهەڵات»، بەئومێدەوە چاو لەداهاتوی خۆیان و خێزانەکانیان دەکەن.

بەڕێوەبەری نوسینگەی بەرەنگاربونەوەی توندوتیژی خێزانیی لە کفری:

ئێمە رۆڵی گەورەنەکردنەوەی کێشەکان دەبینین نەک هاندەر بۆ گەورەکردنی

توندوتیژی دژی ژنان دیاردەیەکی جیهانیە


نەقیب فریاد هیدایەت

■ نەوژین، ئەشرەف ئەحمەد

لەمیانەی ئەم دیدارەدا کە پێشتر لە رادیۆی دەنگەوە بڵاوکراوەتەوە، نەقیب فریاد هیدایەت، بەڕێوەبەری نوسینگەی بەرەنگاربونەوەی توندوتیژی خێزانیی لە کفری، باس لە شێواز و چۆنیەتی ئیشەکانیان دەکات، هەروەک ئاماژە بەوەشدەکات کە ئەوان تایبەتمەندن بە بەدواداچونی کێشە خێزانیەکان نەک تەنها کێشەی ژنان بەتەنیا نابینن.

* سروشتی کارکردنی ئێوە چۆنە و ئایا ئێوە زۆرتر بەدواداچون بۆ چ جۆرە کێشەیەک دەکەن؟

ئەو کێشانەی رودەکەنە لای ئێمە زۆرترینیان کێشەی خێزانین، کێشەی خێزانیش دەبێت بەشێوەیەک ئاراستەی بکەین کە باشترین چارەسەر بۆ کەسەکان بێت، واتا وەکو دۆسیەیەکی ئاسایی نیە، چونکە دەبێت بەشێوەیەک بێت کە نەبێتە هۆی پەرتەوازبونی خێزانەکان.

بەگشتی لەکارکردنی ئێمەدا دو ئاراستە هەیە، یەکێکیان ئەوەیە کەسێک دێت سکاڵا تۆمار دەکات و لەروی یاساییەو بەپشت بەستن بەبنەما یاساییەکان، سکاڵا لەو کەسە وەردەگیرێت و لێکۆڵینەوەی تێدا دەکرێت و پاشان دەخرێتە بەردەست بەڕێز دادوەری تایبەتمەند.

ئاراستەی دوەمیش تایبەتە بەو کەسانەی کە نایانەوێت سکاڵا «شکوی» تۆماربکەن، بەڵکو کێشەیەکی خێزانیی هەیەو دەیەوێت ئێمە هاوکاریی بکەین لە چارەسەرکردنی دا.

* ئەوەی پەیوەندیدار بێت بە ئاراستەی یەکەمەوە، بەگشتی رادەی سکاڵا تۆمارکردن لە چ ئاستێک دایە؟

ئەوەی تێبینیکراوە لە شەش مانگی یەکەمی ساڵی رابردو، رێژەی تۆمارکردنی سکاڵاکان زیادیان کردوە. هاوڵاتیان لەکێشە خێزانیەکان دا زۆرتر پەنایان بۆ تۆمارکردنی سکاڵا بردوە. بەپێی ئامارێکیش لەو ماوەیەدا نزیکەی ٨٠ دۆسیەمان هاتۆتە بەردەست کە سکاڵا تۆمارکردن بون. لەساڵی ٢٠١٦ دا نزیکەی ٨٨٪ کێشەکان تۆمارکردنی سکاڵا بوە، وەک: (رێگری لەشوکردن، دەستێوەردانی خێزانی، هەڕەشەکردن، بێزارکردن بە مۆبایل، بێبەشکردن لە خوێندن، بێبەشکردن لە میرات، بێبەشکردن لە ئیشکردن و ... هتد).

* زۆرتر هۆکاری ئەم کێشانە چین وەک ئێوە تێبینیتان کردبێت؟

هۆکاری ئەمانە بەزۆری دەگەڕێتەوە بۆ کەمی هۆشیاریی، چ لە ئاستی یاسا چ لەئاستی مافی کەسی بەرامبەر.

* ئەی سەبارەت بە ئاراستەی دوەم؟ ئێوە چی بۆ ئەو کەسانە دەکەن کەنایانەوێت سکاڵا تۆمار بکەن؟

ئەو کەسانەی کە نایەوێت سکاڵا تۆمار بکەن و بەڵکو دەیانەوێت هاوکارییان بکەین بۆ چارەسەرکردنی کێشەکەیان، ئێمە لە نوسینگەکەماندا هۆبەمان هەیە، هۆبەی خزمەتگوزاریی و یاسایی و دەرونی، لەوێ توێژەرمان هەیەو قسەی لەگەڵ دەکەن و لەبارەی کێشەکەیەوە پرسیاری لێدەکەن. توێژەرەکە جگە لەو کەسە بانگی ئەو کەسەش دەکات کە ئەم کەسە کێشەی لەگەڵی دا هەیە، هەوڵدەدرێت کێشەکەیان چارەسەر بکرێت و پرۆسەکەش وەکو ئاشتەوایی لێدەکرێت. دواتریش بەدواداچون دەکەین بۆ ئەوەی بزانین کێشەکە سەری هەڵنەداوەتەوە.

* ئێوە تەنها کێشەکانی پەیوەندیدار بە ژنان وەردەگرن؟

نەخێر، ئێمە هەمو کێشەیەکی پەیوەندیدار بە توندوتیژی خێزانی وەردەگرین، توندوتیژی خێزانیش بەتەنیا کێشەکانی ئافرەتان نییە، بەڵکو زۆرجار کێشەمان بۆ هاتوە لەنێوان براو برا، یان باوک و براو بەپێچەوانەوە، واتا چەمکی کێشەی خێزانیی گەورەترە لەوەی تەنها کێشەکانی ژنان بێت.

* بەگشتی رادەی چارەسەرکردنی کێشەکان لەلای ئێوە چۆنە؟ چەندێک لەو کێشانە چارەسەرکراون کە دێنە بەردەستان؟

ئێمە لەکاتی لێکۆڵینەوەکان زۆرتر رۆڵی چارەسەرکردن و گەورەنەکردنەوەی کێشەکان دەبینین نەک هاندەر بین کەکێشەکان گەورەتر ببن. دەمانەوێت ئاشتەواییەک لەنێوان لایەنەکانی کێشەکە دروست بکەین، بۆ ئەم مەبەستەش لیژنەیەکی ئاشتەوایی تایبەتمەند بە کێشە خێزانیەکان هەیە.

* ئەم لیژنەیە کاری چییەو ئەندامەکانی کێن؟

لیژنەی ئاشتەوایی لە نوێنەری دادگاو پارێزەران و یەکێتی زانایان و توێژەرانی نوسینگەکەمان پێکدێت، ئەم نوێنەرانە لەگەڵ لایەنەکانی سکاڵاکە دادەنیشن بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان پێش ئەوەی پەڕاوەکە بنێرێ بۆ لای بەڕێز دادوەر. هەوڵی چارەسەرکردن و دروستکردنی ئاشتەوایی لەنێوانی لایەنەکان دەدەن، زۆرجار بەرهەمی باشی بوە، لەنیوەی یەکەمی ساڵی رابردو نزیکەی ١٠ دۆسیە نێردراون بۆ لیژنەکە ٨ یان چارەسەر بوەو دوانیان چارەسەر نەبوە، واتا رێژەی چارەسەر ٨٠٪ بوە.

* واتا هەمو کەیسێک بە فیلتەری ئەم لیژنەیەدا تێدەپەڕێت؟

زۆرجاریش پێش ئەوەی کەیس و کێشەکان بنێردرێت بۆ ئەو لیژنەیە، خۆمان توێژەرمان هەیە کە لەگەڵ لایەنی کێشەکان کۆدەبێتەوەو قسەیان لەگەڵ دەکات و هەوڵی چارەسەرکردنی کێشەکان دەدەین.

گروپی ئافتاب ..تابلۆ دروست دەکەن و پارەکەی بۆ کاری خێرخوازیی بەکاردێنن

■ نەوژین، سازان مستەفا

ئاریز بەرزان حەسەن، تەمەن ٢١ساڵ، دەرچوی زانکوی گەشەپێدانی مرۆییە لەبەشی زمانی ئیگلیزی. لەگەڵ ژمارەیەک کچ و کوڕی دیکە، گروپێکیان بۆ کاری خێرخوازیی پێکهێناوە بەناوی «گروپی ئافتاب». ئەم گروپە، کاری جۆراوجۆری خۆبەخشی و یارمەتیدانی کەسانێک کەپێویستییان بەهاوکارییە، ئەنجام دەدەن.

یەکێک لە دیارترین شێوازەکانی کارکردنیان، دروستکردنی تابلۆی شێوەکارییە، کەدواتر دەیفرۆشنەوەو بە پارەکەی پرۆژەی خێرخوازیی ئەنجام دەدەن.

نەوژین، بۆ تیشکخستنە سەر کارو چالاکیەکانی خۆی و گروپەکەی، لەنزیکەوە دواندی.

ئاریز بەرزان کچێکی گەرمیانیی لە کاری خۆبەخشی

* ماوەی چەندە گروپەکەت داناوە؟

گروپەکەمان ماوەی ساڵ ونیوێکە دامەزراوە، گروپێکی خوبەخشە لەگەڵ هاورێیەکم دامانمەزراندوە، لەرێگای چالاکی هونەری یان هەر چالاکیەکی تر بێت ئیشی خۆی دەکات وپارەی خۆی پەیدا ئەکات لەرێگەی ئەو چالاکیانەوە کە ئەیکەین وپارەکەشی هەموی بو کاری خێرخوازیی ویارمەتیدانی کەسانی ترە.

* چۆن بیرۆکەی دروستکردنی ئەم گروپەت لەلا گەڵاڵە بو؟

سەرەتا خۆم بەتەنها یارمەتی خەڵکم ئەدا، بەڵام دواتر درکم بەوە کرد کە بەتەنها ناتوانم ئەوەی دەمەوێت لە یارمەتیدانی خەڵک بەدیی بێنم، بۆیە لەگەڵ هاورێکەم دا بیرمان لەوە کردەوە کە بیکەین بە گروپێکی خێرخوازیی و کارەکانی زیاتر پەرەپێبدەین.

* گروپەکە لەچەند کەس پیکهاتوە و مەرجی ئەندام بون لەگروپەکە چیە؟

گروپەکەمان پیکهاتوە لە (٢٠) ئەندام هەردو رەگەزی تیایە هەمو ئەندامەکان بەحەز و ئارەزوی خویان هاتونەتە ناو گروپەکەوە، تەنها مەرجیش ئەوەیە کە چالاک بن و روحیەتی یارمەتیدانیان تێدا بێت.

* تا ئیستا چەند چالاکیتان کردوە و لەکوێ؟

گروپەکەمان بەخوشحاڵییەوە تائێستا چەندین چالاکی ئەنجام داوە لەوانە: (وەرگرتنی کتێبی لەدەزگای غەزەلنوس و فروشتنی و بەکارهێنانی پارەکەشی بو کاری خێرخوازییی، سەردانی نەخوشخانەی هیوا و بەسەربردنی کات بەوێنەکێشان و چیرۆک خوێندنەوە لەگەڵ نەخۆشەکان بەتایبەت منالان، چاندنی (٢٠٠) نەمام بو یادکرنەوەی شەهیدەکانی هەڵەبجە لە مۆنۆمێنتی هەڵەبجە، بردنی جلی زستانە بۆ منالانی ئاوارە لە کەمپی باریکە، یادکردنەوەی رۆژی ئالا).

* بۆچی تا ئێستا چالاکیتان لەکەلار نەکردوە هەرچەندە تو کچێکی گەرمیانیت؟

تا ئێستا چالاکیمان لە کەلار نەبوە، لەبەر ئەوەی ئەندامی کەممان هەبو وخویندنەکەشم لە سلێمانی بوە، بەڵام لە داهاتو دا پروژەی باشمان ئەبێت بۆ کەلار.

* ئاوات ومەبەستی تۆ چیە لە دامەزراندنی ئەم گروپەدا؟

ئاواتی من ئەوەیە یارمەتی زۆرترین خەڵک بدەم، چەند لەتوانام دابێت یان بۆم بکرێت یارمەتی ئەو خەڵکانە بدم کە لە دەورووبەرمانن، لەبەر ئەوەی ئێستا ئەگەر سەیری کوردستان بە گشتی بکەیت لەو بازنەیەی کە خۆمان تیایدا ئەژین خەڵکێکی زۆر پێوستی بەیارمەتیە، ئیتر مەرج نیە یارمەتیەکە هەر ماددیی بێت، بەڵکو خەڵکی وا هەیە بەخەندەیەک ئەو رۆژەی هەمو دەبێتە دڵخۆشیی.

* کێ لایەنی مادی گروپەکەی لە ئەستو گرتوە؟ واتە ئەو خەرجییانەی وکە بۆ چالاکیەکان ئەیکەن کی لەئەستۆی دەگرێت؟

لەگەڵ هاورێیەکم رێکخەری گروپەکەین، واتە هەر خومان بەرێوەی ئەبەین و هەمو خەرجیەکان لە ئەستۆ دەگرین، ئیتر لەرێگای چالاکی هونەری بێت یان هەر هەرچالاکییەکی تر، ئەو برە پارەیە پەیدا ئەکەین.

* تێڕوانینی خەڵک چونە بۆ ئێوە تا ئێستا رێگریتان بۆ دروست بوە؟

ئێمە دایمە لەبەردەم دو تەوژمداین، تەوژمێک دژی تۆیەو تەوژمێکیش لە پشتتە، ئەبێ گوێ بەوانە نەدەیت کە دژی تۆ یان کارەکەتن، بەڵام ئەبێ گوێ بۆ رەخنەی بونیاتنەر بگریت کە بۆ باشکردنی گروپەکەت یان هەر کارێک کە ئەنجامی ئەدەیت لێتدەگیرێ.

* ئەگەر لایەنیکی حکومی یان رێکخراوێک یارمەتی و پشتگیریتان بکات باشتر نیە بۆتان؟

بەڵێ حەز بەوە دەکەم کەسێک یارمەتیمان بدات بەتایبەتی ئەگەر رێکخراو بێت زۆر ئاساییە، بەڵام وەکو لایەنێکی حزبی یان لایەنێک پەیوست بێت بە شوینێکەوە نەخێر، چونکە ئەگەر حزبی بیت ئەبێت بە ریکلام بۆ ئەو حزبە، ئەگینا خۆشحاڵین هەر لایەنێکی تر بتوانێت دەستی یارمەتیمان بو راکێشێت.

* رەنگە زۆرێک بپرسن کە هەتا کەی ئەتەوێ یان ئەتوانی بەردەوام بی لەکاری خۆبەخشی؟

من بەمکارەم ئاسودەم، بەوەخۆشحاڵم کە خۆبەخشانە کار بکەم و پاداشتی کەسم ناوێت.

* کاری خۆبەخشی لەنێو زانکۆ و خوێندکارانی زانکۆ چۆن دەبینی؟

ئەتوانم بڵێم ماوەیەکە لە زانکوکان دەستیان کردوە بە کاری خۆبەخشی لەلایەن چەند گروپێک یان کومەڵێک گەنج و ئەو بوارەش گۆڕانکارییەکی زۆر باشی بەسەرداهاتوە کە گەنجی زۆر رو لە کاری خۆبەخشی دەکەن، ئەوەش مایەی دڵخۆشییە.

* ئەتەوێت لەداهاتودا چی بکەیت بو گروپەکەت؟

پلانی زۆرم هەیە ئەگەر تەمەن رێگا بدات، یەکێک لەوانە ئەمەوێت لە داهاتودا ئەو تابلۆیانەی کەتا ئێستا دروستم کردون بیان فروشم وهەمو پارەکەشی بو کاری خێرخوازی و خوبەخشی گروپەکە بەکاریبینم. تائیستاش لە دو پیشەنگای وێنەکێشان لە زانکوکەمان بەشداریم کردوە و تابلوکانم کرپاری هەبوە .

خاوەن پێداویستی تایبەتن و مامۆستان و نەوەی نوێ پەروەردە دەکەن

چیرۆکی سەرکەوتنی ژنانی خاوەن پێداویستی تایبەت

■ نەوژین – پەیام لەتیف

بۆ زۆربەی ئەو کچ و ژنانەی خاوەن پێداویستی تایبەتن، بونی ئەم کێشەیە وایکردوە دەستبەرداری زۆر هیواو ئاواتیان بن، لەپێش هەموشیانەوە خوێندن و بون بە مامۆستاو کارکردن لە کەرتی پەروەردە، بەڵام ئەم واقیعە، بەسەر (هێرۆ عەبدوڵڵا) دا نەسەپاوە.

هێرۆی تەمەن ٤٠ ساڵ، ئەگەرچی خاوەن پێداویستی تایبەتە، بەڵام ئەوە واینەکردوە کۆتایی بە ژیانی بهێنێت و چۆک دابدات، بەڵکو بەپێچەوانەوە، نەیهێشتوە ئەو کێشەیە وای لێبکات دەستبەرداری خەون و خولیاکانی ببێت، هەربۆیە بەسەرکەوتویی قۆناغەکانی خوێندنی تەواو کرد و ئێستا مامۆستای زمانی ئینگلیزییە.

چیرۆکی هێرۆ، چیرۆکی ئەو مرۆڤانەن کە هەڵگژان بە شاخی ئومێد و ئاوات دا، بۆیان قورس و سەختە، چیرۆکی ئەو ژنانەیە کە لەکۆمەڵگایەکدا کە حیسابی پلە دویان بۆ دەکرێت، کەچی سەرباری ئەوەش بەشێکی جەستەیان لەدەستداوەو خاوەن پێداویستی تایبەتن.

بەپێی ئاماری بەڕێوەبەرایەتی گشتی چاودێری و گەشە پێدانی کۆمەڵایەتی گەرمیان، لە سنورەکە، ٢٥٢٨خاوەن پێداویستی تایبەت لە رەگەزی مێ هەن. لەکەلار ١٥٨٨ خاوەن پێداویستی تایبەت و لە کفری ٦١٥ و لە خانەقینیش ٣٢٥خاوەن پێداویستی تایبەت.

لەو رێژەیە تەنها ٧٩ کەسیان بە فەرمی، لە کەرتی گشتی دا کاردەکەن، لە کەلار ٦٩ کەس و لە خانەقین ١٠ کەس.

رەنگە کارکردن بەگشتی بۆ ئەو خاوەن پێداویستییانە سەخت بێت، بەتایبەت لە کەرتی پەروەردەو فێرکردن، بەڵام بەشێک لەم ژنانە، توانیویانە بەسەر کۆسپە جەستەیی و کۆمەڵگەییەکانیاندا زاڵ بن و هاوشێوەی ئەو ژنانەی کە جەستەیان تەواو و بێکێشەیە، لە کەرتی پەروەردە و هونەردا نەک هەر خزمەت، بەڵکو ئەفراندنیش بکەن.

ئەفراح ئیبراهیم، نمونەیەکی ئەو ژنانەیە، نمونەیەکی زۆر تایبەت و سەرکەوتو.

ئەفراح، تەمەنی ٣٧ ساڵە، ناتوانێت بەقاچەکانی خۆی بڕوات و لەسەر عەرەبانەیە، بەڵام لەساڵی (٢٠٠٠)ەوە فەرمانبەرە لەباخچەی ساوایانی کازیوە لەکەلار، جگە لەوەش وێنەکێش و دەستڕەنگینێکی بەتوانایە، ئۆتۆمبیلیشی هەیەو خۆیشی لێی دەخورێت.

ئەو دەڵێت: «هەمو کارەکانی ڕۆژانەم خۆم ئەنجامی ئەدەم و کەمئەندامی رێگر نەبوە لەبەردەم کارەکانمدا»، وتیشی: «بەشێک لە کچانی خاوەن پێداویستی تایبەت خۆشیان کەمتەرخەمن وقسەی کۆمەڵگا کاریان لێ دەکات».

ئەفراح، تائێستا ٥ پێشانگای شێوەکاریی تایبەت بە خۆی کردوەتەوەو بەشداریی لە ٧ پێشانگای هاوبەشدا کردوە، بەهۆی کارەکانیشیەوە چەندین خەڵاتی رێزلێنانی پێبەخشراوە، کەدواهەمینیان «خەڵاتی ژنی سەرکەوتو» بو.

هەمو ئەو خاوەن پێداویستیانەی لە رەگەزی مێ لە سنوری گەرمیان ئێمە دواندمانن، جەختیان لە سەختی بارودۆخ و حاڵەکەیان دەکردەوە، بەتایبەتی لەروە کۆمەڵایەتییەکەوە.

هێرۆ عەبدوڵڵا، ئاماژەی بەوەکرد: «کچانی خاوەن پێداویستی تایبەت زۆر جار ئەبنە قوربانی قسەی خەڵک».

ئەفراح-یش هەمان هەڵوێستی نواند: « کاتێک کەسێکی خاوەن پێداویستی تایبەت سەردانی شوێنێکی گشتی دەکات خەڵکی بەجۆرێک سەیردەکەن، هەندێک بەچاوی بەزەیی و هەندێک قسەی بریندارکەر دەکەن».

مامۆستا و چەند کچە خوێندکارێکی خاوەن پێداویستی تایبەت

> **خێزانەکان رێگری لە کچە خاوەن پێداویستیەکانیان دەکەن**

لەبەرامبەر ئەم هەڵوێستانەدا، ئەوان پشتیان بە شکۆی ناخی خۆیان و پشتیوانی خێزان و دەوروبەرەکەیان بەستوە.

هەشیانە بەپێچەوانەوە، لەلایەن خێزانەکانیانەوە رێگریان لێدەکرێت و بەهۆی رەوشی جەستەیانەوە، رێیان پێنادرێت خولیاکانیان پەرە پێبدەن.

هێرۆ، لەوبارەوە وتی: «زۆربەی خێزانەکان رێگری لە کچە خاوەن پێداویستیەکانیان دەکەن و وەک کەسێکی ئاسایی مامەڵەیان لەگەڵ دا ناکەن.»

بەڵام لەو ژنە خاوەن پێداویستیانەی گەرمیان کە کاردەکەن، هەشیانە هاوسەرگیریی کردوەو هاوسەرەکەشی خاوەن پێداویستی تایبەتە.

زەینەب محەمەد، تەمەن ٣٢ ساڵ، یەکێکە لەو ژنانە. ئەو خوێندنی لە پەیمانگای هیوای نابیستان لەسلێمانی تەواو کردوە و ماوەی چوار ساڵە بەخۆبەخشی لە قوتابخانەی (وانۆ)ی نابیستان لەکەلار وانە دەڵێتەوە.

زەینەب، هاوسەرگیری کردوەو خاوەنی کچێکە، هاوسەرەکەشی بەهەمان شێوە نابیستەو لەو قوتابخانەیە وانە دەڵێتەوە.

ئەو بە زمانی ئاماژە کە زمانێکی بەکارهاتوی نێوان نابیستەکانە، ژیانی خۆی بۆ ئێمە رون دەکردەوەو هاوکارێکی ئاماژەکانی بۆ دەگۆڕین بۆ قسە.

وتی: «هەرچەند باری ئابوریمان وەکوپێویست نییە و لە خانوی کرێدایین و هاوسەرەکەم بۆ دابینکردنی بژێویان کاری تر دەکات، بەڵام هەمیشە حەز دەکەین وانە بەو منداڵانە بڵێینەوە کە نابیستن.»

ئەم بارودۆخە سەختەو ئەم کەمی هاوکاریی و دەستگرۆییە، واینەکردوە ئەو مرۆڤانە لە ژیان سارد بکاتەوە.

هێرۆ وتی: «من ١٨ ساڵە لەسەر کاری مامۆستایەتی خۆم بەردەوامم، ڕاستە هەندێک قسە ئازاری داوم، بەڵام بۆ یەک رۆژیش کۆڵی پێ نەداوم.»

> **هەندێک قسە ئازاری داوم، بەڵام بۆ یەک رۆژیش کۆڵی پێ نەداوم**

ئەفراح-یش، بەپێداگیرییەوە وتی: «من بەعەرەبانەکەم بەهێواشی بەڕێگای خۆمدا ئەڕۆم چونکە دەزانم رێگای من رێگایەکی راستە بۆ ژیانی من.»

کچانی ناحیەی رزگاری بێ پشتیوانن

■ نەوژین، ژینۆ عەلی

نەبونی ناوەندی فێرکاریی و راهێنان، گرفتی بۆ کچانی ناحیەی رزگاری دروست کردوە، ئەوان بۆ پەرەدان بە خولیاو تواناکانیان، هیچ شوێنێک شک نابەن روی لێبکەن، هەر ئەمەش بە هۆکاری کەم دەرکەوتنیان دەزانن.

ناوەند و سەنتەرەکانی گەنجان، هەندێکجار هۆکارێکی گرنگن بۆ پەرەسەندن و فێرکردن و برەودان بە ئەو خولیایانەی گەنجان هەیانە، بەڵام تاوەکو ئێستا ناحیەی رزگاری سەر بە کەلار، شوێنێکی ئەوتۆی نیە کە کچان بتوانن پەرە بە تواناکانیان بدەن.

هەدیە محەمەد، کچێکی دانشتوی ناحیەی رزگاریە و خوێندکاری زانکۆیە بۆ (نەوژین) وتی: «هیچ شوێنێکی وابونی نیە لەناحیەی ڕزگاری تاوەکو گەنجان و بەتایبەت کچان سەردانی بکەن، ئەمەش هۆکارێکە بۆئەوەی ئەو خولیایانەی لەمێشک وناخماندا هەیە بەدوای نەکەوین و واز لەو هیوایانەمان بێنین.»

ئاماژەی بەوەشکرد: «جگە لەوەی شوێنێکی گشتی بونی نیە،کلتورو داب ونەریت هۆکارێکی خراپن بۆسەر کچان بەتایبەت، کەبۆتە ڕێگر لەبەردەم بەشداری کردنی کچان و ژنان.»

هەدیە، دەشڵێت: «لە ناحیەی ڕزگاری تەنها یەک شوێن بونی هەیە تاکچان بۆی بچن ئەویش کتێبخانەی گشتیە، ئەوەش تەنها جار جار سەردانی ئەکەن بۆ مەبەستی هێنانی کتێب و زانیاری.»

ژنان و کچان هەرچەند دابونەریت وکۆمەڵگە بۆتە رێگر لەبەردەم خولیاکانیان، بەڵام وەک هەندێکیان دانی پێدادەنێن، هەندێکجار خۆشیان کەمتەرخەمن.

سۆزان جەمال، خوێندکاری پەیمانگا، بە (نەوژین)ی راگەیاند: «هەر لەمنداڵیەوە ئارەزوی ئەوەم ئەکرد ببم بە میوزیکژەن و بەشداری بکەم لەو کۆرسانەی کەئەکرێتەوە بۆ فێربونی ئامێرەکانی میوزیک، بەڵام هیچ شوێنێکی وانیە لە رزگاری کە خولێکی وابکرێتەوە تاوەکو کچان سودمەند بن لێی.»

سۆزان، ئاماژەی بەوەشکرد: «کە کچان خۆیان هەوڵنادەن ببن بە نەریت شکێن و رێگەیەک بدۆزنەوە بۆ بەشداریکردنیان لە چالاکیە جۆراوجۆرەکان.»

بەشێک لە کچان رەخنەی ئەوە لە سەنتەر و شوێنە گشتیەکانی ناحیەی رزگاری دەگرن کە وەکو پێویست خزمەتیان بە گەنجان و بە تایبەتیش کچان نەکردوە.

مەحمود ساڵح، بەڕێوبەری ماڵی گەنجانی رزگاری، بە (نەوژین)ی راگەیاند: «ماڵی گەنجانی ڕزگاری لە ساڵی (٢٠٠٧)ەوە دامەزراوە، و مەڵبەندێکی گشتی بوە بۆ چالاکیەکان وشوێنێکی گشتی بوە بۆ بەشداریکردنی گەنجان، ئیتر چ کچان بێ یا کوڕان».

وتیشی: «ماڵی گەنجان ماڵێکە و دەرگای کراوەیە بۆکچان، هەروەها کچان تاڕادەیەکی باش سەردانی ئەو شوێنە ئەکەن بەتایبەت لەکاتی بونی چالاکیەکدا.»

> **کلتور و دابونەریت رێگرن لەبەردەم بەشداری کردنی کچان**

بەڕێوبەری ماڵی گەنجان باسی لەوەش کرد: «لە ئێستادا بەهۆی قەیرانی داراییەوە چالاکیەکانیان».

بە هۆی نەبونی شوێنێ دیکەوە کچان زۆر جار سەردانی کتێبخانەی گشتی ناحیەی رزگاری دەکەن و بەڕێوبەری کتێبخانەکەش دەڵێت: «کتێبخانەی گشتی شوێنێکی گشتیە بۆ کوڕان و کچان، کچانیش تاڕادەیەکی باش سەردانی کتێبخانە دەکەن.»

ئەگەرچی بەشی پێویست ناوەند و پرۆژە نیە کە کچانی ناحیەکە خۆیانی تێدا بدۆزنەوە، بەڵام سەرباری ئەوەش جموجۆڵ و چالاکی لەنێو کچانی ناحیەکەدا رسکاوە، رەنگە دیارترین بەڵگەش، ئەو بەشدارییە باش و بەرچاوە بێت کە کچان لە خول و کۆرسەکانی راهێناندا هەیانە.

ئاسۆ فوئاد، بەڕێوەبەری کتێبخانەی گشتی رزگاری، بە (نەوژین)ی وت: «چەندین خولمان کردۆتەوە بۆ فێربونی ژنان وکچان، وەکو: (خولی فێربونی درومان، خولی فێربونی زمانی ئینگلیزی)، جگە لەوەش خولی هاوبەشی کوڕان و کچانمان کردوەتەوە کە کچانیش هاوشانی کوڕان بەشداریی تێدادەکەن و رۆڵیان لەو چالاکیانەدا زۆرباشە، دواترین چالاکیش خولێکی شێوەکاری بو کە (٤٠٪)بەشداربوان کچ بون.»

ژنان نانکردن لە ماڵەوە دەبەنە نێو کارگە

لەکەلار نانەواخانەیەک دەکرێتەوەو سەرجەم کارمەندەکانی ژنن

■ نەوژین، ڕۆژان عەزیز

لەقەزای کەلار نانەواخانەیەک کراوەتەوە کەهەمو کارمەندەکانی ئافرەتن و بەشێوازێکی کوردەواری نان دروستدەکەن، خاوەنی کارگەکە پرۆژەکە بە سەرکەوتو وەسف دەکات، ژنانی کرێکاری کارگەکەش خۆشحاڵن بە پیشەکەیان.

نانەواخانەی کوردەواری هەورامان، ناوی ئەو کارگەیەیە کە تایبەتە بەدروستکردنی نان بەشێوازی خۆماڵیی. لەم کارگەیەدا (نانی خۆماڵی هەورامی، تەنوری، کەلانە و کولیچە) و هەندێک خواردەمەنی تر، دروست دەکرێن.

دلێر مەجید حەمید، خاوەنی نانەواخانەکە، بە (نەوژین)ی وت: بیرۆکەی دانانی ئەم کارگەیەم کاتێک لەلام دروست بو کە چەند کارگەیەکی هاوشێوەم لە هەڵەبجەی شەهید دا بینی، بۆیە بڕیارماندا ئەو ئەزمونەش لێرەدا دوبارە بکەینەوە».

ئەو ئاماژە بەوەدەکات کە لەسەرەتاوە گرەوێکی زۆر کراوە لەسەر ئەوەی پرۆژەکەیان شکست دێنێت و ڕەواجی نابێت، بەڵام گوێیان بەو قسانە نەداو خۆشبەختانە تیایدا سەرکەوتو بون.

دلێر مەجید، ئاماژەی بەوەکرد کە سەرجەم کرێکارانی کارگەکەی ژنن، ئەمەش بەوتەی خۆی «گەورەترین دەستکەوتە کەتوانیومانە ئەم ئافرەتانە لێرە کۆبکەینەوە و بژێوی ژیانیان پەیدا بکەن».

ژنانی کرێکار، ئەگەرچی ماندوێتییان زیاتر دەبێت، بەڵام دڵخۆشن کەوا دەتوانن لەروی مادیی و ژیانەوە، دەستکەوتێکیان بۆخۆیان و خێزانەکانیان هەبێت.

ژنێک لەکاتی نانکردن دا

کوبرا محەمەد، یەکێک لە کرێکارانی کارگەکە، بۆ (نەوژین) وتی: «من ماوەی سێ مانگە لێرە کار دەکەم، بەهۆی نەبونی و هەژارییەوە هاتوم لێرە کار دەکەم، لەگەڵ ئەوەشدا خۆشحاڵ و سەربەرزم کە بە رەنجی شانی خۆم بژێوی ژیانم پەیدا دەکەم.»

ئەم هەستی سەربەرزیی و خۆشحاڵییە، لەزۆرێک لەو ژنانەدا رەنگیی داوەتەوە کەلەکارگەی نانی کوردەواری هەورامان دا بینیمان و دیدارمان لەگەڵ ساز کردن.

عائیشە قارەمان، یەکێکی ترە لەو ئافرەتانەی لەکارگەکەدا کاردەکەن. بۆ (نەوژین) دەڵیت: «ماوەی نزیکەی پێنج مانگە لێرە کار دەکەم، راستە هەمو کارێک ماندو بونی خۆی هەیە و ئێمەش ماندو ئەبین، سەرەڕای ئەوە زۆر خۆشحاڵین بەکارەکەمان، ئەو موچەیەش لێرە دەستم دەکەوێت بەشم دەکات.»

شێوازی کارکردنی ژنان لە کارگەکەدا، پشت بە بڕی بەرهەم و کاتی کار دەبەستێت.

دلێر مەجید، خاوەنی کارگەی نانی کوردەواری هەورامان، لەوبارەوە رونیکردەوە: «ئەو ئافرەتانەی لێرەن بە دو بەش کاردەکەن، کاتی کارکردنیان لە ٦ی بەیانی بۆ ٥ی ئێوارەیە، شێوازی موچەکانیشان پەیوەستە بە کارکردنیان، هەر ئافرەتێک زیاتر کار بکات موچەی زیاترە».

وادیارە ژنانی کرێکار، رازین بەو شێوازە لەدابەشکردنی کار لەکارگەکە.

پەروین حەسەن، یەکێکە لە کرێکارەکان، بۆ (نەوژین) وتی: « کارەکانمان بەباشیی بەڕێوەدەچێت و کارگەکەش بوەتە مایەی دابینکردنی بژێویی ئێمەش».

بەپێی ئەو ئامارەی لە لقی گەرمیانی سەندیکای کرێکارانەوە وەرگیراوە، نزیکەی (١٨٠) کرێکاری ئافرەت لە سنوری قەزای کەلار و دەوروبەری دا هەیە، ئەم ڕێژەیەش ڕۆژ دوای ڕۆژ رو لە زیادبونە.

عومەر محەمەد، سەرۆکی لقی گەرمیانی یەکێتی سەندیکاکانی کرێکاران و

> **سەربەرزم بە رەنجی شانی خۆم بژێوی ژیانم پەیدا دەکەم**

پیشەوەرانی کوردستان، بۆ (نەوژین) رایوگەیاند: «رێژەی کرێکارانی ئافرەت بۆ کاری پیشەیی زۆر زیادی کردوە لە چاو ساڵانی پێشو، ئێمەش بەپێی ئەو دەسەڵاتانەی هەمانە دەتوانین پێشنیار بکەین و داوا بکەین لە کارگە و شوێنکارەکان کە جێگای ئەم ئافرەتانە بکەنەوە تا لەلایان کار بکەن.»

لەبارەی هاوکاریکردنی کرێکارانی ژن لەکاتی روداو و کێشەکاندا، ئەو بەرپرسە وتی: «لەهەر حاڵەتێکی رودانی برینداربون ئێمە دەتوانین بەپێی دەسەڵاتی خۆمان و لەسەر داهاتی خۆمان هاوکارییان بکەین، بەڵام ئەو کەسانەی لە کەرتی تایبەتن و گرەنتی کراون ئەوا حکومەت موچەیان بۆ ئەبڕێتەوە و خانەنشینیان دەکات».

لەبارەی زامنکردنی مافی کرێکارانی ژنیشەوە، (عومەر محەمەد) ئاماژەی بەوەکرد کە بەگشتی لەهەر حاڵەتێک ئەگەر کرێکارێک ناهەقی بەرامبەر بکرێت، ئەوا دەتوانێت لەلایان سکالا تۆمار بکات، ئەوانیش بەدواداچون بۆ سکاڵاکەی دەکەن.

ژنان لە گەرمیان کارکردن دەکەنە نەریت

■ نەوژین، کوێستان حەسەن

لە ئێستادا لە کەلار ژمارەیەکی بەرچاو ئافرەت لەهەمو بوارەکاندا کاردەکەن و خاوەن کاری خۆیانن، ڕێژەی داوا کردنی ئافرەت بۆ کارکردن لە ئەمساڵدا زیادی کردوە ئەمەش بە وتەی لقی گەرمیانی سندیکای کرێکارانی کوردستان.

بەهۆی قەیرانی داراییەوە ڕێژەیەکی زۆر لە ئافرەت رو لە کارکردن دەکەن بۆ باشکردنی گوزەرانیان و دابینکردنی بژێوی ژیانیان.

گەرچی نیشانەکانی پیری بەڕونی لە روخساریدا دەرکەوتون، بەڵام تا ئێستا بەردەوامە لە کارکردن.

پورە مەلیعە، تەمەنی گەشتوەتە ٨٠ ساڵ و ماوەی ٢٥ ساڵە لەناو بازاڕی لەنگەی کەلار خەریکی فرۆشتنی کەرەستەی کوردەواریە وەک: (مێخەک و خەنە ... هتد).

ئەو باسی قورسی ژیانی دەکات و دەڵێت: «بەهۆی کەم دەستی و نەداریەوە بەردەوام کاردەکەم چونکە ئەمە تاکە سەرچاوەی دابین کردنی بژێوی ژیانمە».

وتیشی : «ئێستا ناتوانێت وەکو پێشو شتەکانی بفرۆشێت بەهۆی قەیرانی داراییەوە».

وەکو خۆشی دەڵێت: «هەڵسوکەوتی کەسانی دەوروبەری زۆر باش بوە لەگەڵی.»

هەمیشە ژنان ئارەزوی ئەوە دەکەن کە خۆیان بتوانن کاربکەن و بژێوی ژیانی خۆیان دابین بکەن و پێویستیان بە کەسانی دەوروبەر نەبێت.

سوهەیلە عەلی (هاوژین خەیات)، بەرگدورێکی ناسراوە بەتایبەتی لە دورینی جلی کوردی. ئەو خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستانە و ماوەی پێنج ساڵە لە کەلار دەژی و دوکانی خەیاتی هەیە. ئێستاش ماوەی ٣ مانگە دوکانی بەرگدوری لە تەلاری (هاوچەرخ)ی ناو بازاڕی شاری کەلار داناوە.

سوهەیلە، هاوسەرگیری کردوەو خاوەن دو مناڵە، دەڵێت : «هاوسەرەکەم و کچە گەورەکەم هاوکاری زۆریان کردوم لە کاروباری ماڵەوە.»

وتیشی : «خەیاتی حەز و خولیای منەو سەرچاوەیەکیشە بۆ دابین کردنی بژێوی ژیانم.»

رونیشی کردەوە: «موشتەری تایبەتی خۆمم هەیە کەزۆر لەکارەکانم رازین، بۆیە قەیرانی دارایی زۆر کاری لێ

> **کارکردن حەز و خولیای منەو سەرچاوەیەکیشە بۆ دابین کردنی بژێوی ژیانم**

نەکردوم.»

بەو پێیەی کە تاکە ئافرەتە لەو بازاڕەدا، هاوژین حەز دەکات ژنانی تریش کاربکەن و لەهەمو بوارەکاندا خاوەنی داهاتی خۆیانبن. وتیشی: «دەمەوێت لەداهاتودا کارەکانم فراوان بکەم و ژنانی تریش کە شارەزاییان لە بەرگدوری هەیە بێنمە ناو کارەکانم .»

دەشڵێت: «مامەڵەی دوکاندارە دراوسێکانم زۆر باش بوە لەگەڵم».

زۆرینەی ژنانی خاوەن کار دەڵێن کە خێزانەکانیان پاڵپشتیان لێ کردون.

ئەمیرە تۆفیق، کە یەکێکە لەو ژنانەی ماوەی ساڵ و نیوێکە دوکانی داناوە، دەڵێت: «هاوسەرەکەم پاڵپشتم بوە بۆ ئەوەی کار بکەم.»

ئەمیرە، تەمەنی ٢٣ ساڵەو خاوەن ٢ مناڵە و دوکانەکیشی تایبەتە بە جوانکاری خانمان.

دەڵێت:هەمو کڕیارەکانم ئافرەتن و مامەڵەیان زۆر باشە پێکەوە.

وتیشی: «قەیرانی دارایی کاریگەری هەبوە لەسەر کەمبونەوەی ژمارەی ئەو کەسانەی سەردانی دوکانەکەم دەکەن.»

بەپێی ئاماری لقی گەرمیانی سندیکای کرێکارانی کوردستان ئەمساڵ ژمارەیەکی زۆر داوای کارکردنیان کردوە بەتایبەت ئافرەتانی موچە خۆر.

عومەر محەمەد، سەرۆکی لقی گەرمیانی یەکێتی سندیکاکانی کرێکاران و پیشەوەرانی کوردستان دەڵێت: «ژمارەی دوکاندارە ژنەکان دیاری کراو نییە، بەڵام ئەمساڵ ژنان بەلێشاو داوای مۆڵەتی کارکردنیان کردوە.»

بونی ئەم ژمارە فرۆشیار و پیشەوەرەی ژنانیش، بۆچونی جیاوازی لەلای پیاوانی پیشەوەر دروست کردوە، هەیە بەهەنگاوێکی باشی دەزانێت، هەشە بە خراپ.

زیرەک محەمەد، کە دوکاندارە لە بازاڕی کەلار، دەڵێت بونی ئافرەت وەک و دوکاندار دولایەنی هەیە: باش و خراپ.

ژنێک لەکاتی کاری درومان دا

رونیدەکاتەوە: « ئەگەر کڕیار ئافرەت بێ ئەوە هیچ کێشە نابێت ئەوە هیچ کێشە نابێت چونکە هەمو ئەو شتانەی بیەوێ دەیکڕێ و هەروەها باشتر لەیەک دەگەن، بەڵام لایەنە خراپەکەی ئەوەیە کە ئەو ئافرەتە لەماڵ دور ئەکەوێتەوەو ناتوانێ ئەرکی ماڵ بەباشی بەڕێوە ببات، ئەمەش ڕەنگە ببێتە کێشە.»

بەڵام محەمەد، ئەویش بەهەمانشێوە دوکاندارە لە بازاڕی کەلار، دەڵێت: «زۆر ئاساییە بەلامەوە ئافرەت دوکانی هاوشێوەی پیاو هەبێت، چونکە ئافرەتیش دەتوانێت کار بکات».

لە کەلاری کۆن ژنێک ١٣ ساڵە دوکان بەڕێوەدەبات

خاتو سروە لە دوکانەکەیدا

■ نەوژین، شۆخان حەمەساڵح

ئەگەر بەکۆڵانە بەیەکداچوەکانی گەڕەکی کەلاری کۆن دا بۆ دوکانی خاتو (سروە) بگەڕێیت ئەوا بە ئاسانی دەیدۆزیتەوە، چونکە ناوێکی ناسراوەو بەردەوام دەرگای دوکانەکەی کراوەیە کەوەک مارکێتێکی بچوک پڕیەتی لەپێداویستەکانی ڕۆژانەو پێداویستی ئافرەتانەو بەمتمانە بەخۆبونێکەوە بۆماوەی زیاد لەسیازدە ساڵە پێشوازی لە کڕیارەکانی دەکات.

سروە لەناساندنی خۆیداو قسەکردن لەسەر کارەکەی بە رویەکی خۆشەوە کە بڕوابەخۆبینێکی زۆری تێدا دەبینرێتک بەدەم بەڕێکردنی کڕیارەکانی لەنێو دوکانەکەی کەلەتەنیشت ماڵەکەیەتی کاتێک قسەت بۆ دەکا بەم شێوەیە لەچیرۆکی دەسپێکردنی کارەکەی و دۆخی ژیانی تایبەتی دواو وتی: «ناوم (سروە قاسم محەمەد)ە لەدایکبوی ساڵی ١٩٧٣م. خێزاندارم و خاوەنی پێنج منداڵم، هەر لەمنداڵیەوە حەزو خولیام لە کاری فرۆشتن و کاری بازرگانی هەبوە بەوپێیەی باوکم دوکانی هەبوە، بەڵام من بۆ خۆم شتم دروستدەکردو برایەکم بۆی دەفرۆشتم، بەڵام لەدەستپێکی کارکردنمدا بەتایبەت عەبای ژنانم دروست دەکردو دەمبرد بۆ کڕیارەکان».

وتیشی: «دوای ئەوەی هاوسەرگیریم کرد باری ئابوریمان باش نەبو تەنانەت ناوماڵەشمان بەشێوەی ئاسایی نەبو، بەڵام هیچ کات نەمهێشتوە هاوسەرەکەم خەم بخوات».

ئەو هێشتا ئەوەی لەبیرماوە کەبەنایلۆن و گوێنی راخەری دروست کردوە لەم ساڵانەی دوایدا دەست بەرداری بوون.

سروە زیاتر ئەدوێت و دەڵێت: «ئەو کاتەی کە هاوسەرگیریم کرد دوکانێکی سادەم داناو دواترلەسەر داواکاری خەڵکی شتی زیاترم هێنا تاوەکو بو بە دوکانێکی گەورە و ناوی دەرکرد»، ئێستاش وەکخۆی وتی لەهەمو شوینێکی «ئاواییەوە» دێن بۆ دوکانەکەی.

> **کارکردنەکەم هیچ ڕێگریەکی بۆ دروست نەکردوم**

دەربارەی ڕێگری یان پاڵپشتی کردنی هاوسەرەکەیشی، وتی: «هاوسەرەکەم زۆر هاوکارمەو زۆربەی خەڵکیش دەست خۆشیان لێکردوم تەنانەت ئەو دوکانانەش دەستخۆشیان دەکرد کەمن کەلوپەلی ئافرەتانم لادەهێنان و پێیان باشبو کە ژن کەلوپەلی ئافرەتان بفرۆشێت، هەرئەوەشە بوەتە هۆی ئەوەی کەهەموان متانەیەکی زۆریان پێم هەبێت».

وتیشی: «کەمن ئەو کەسانەی کە رەخنە دەگرن و کارکردنەکەم هیچ ڕێگریەکی بۆ دروست نەکردوم وەرچەندە خۆم زۆر حەز بەکارەکەم دەکەم، بەڵام خێزانەکەم یارمەتیدەرمن و بەهاوکاری ئەوان توانیومە هاوسەنگی لەنێوان کاری دوکانداری و کاری ماڵەوەو بەخێوکردنی منداڵەکانم و پەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکانم راگرم».

ئاماژەی بەوەش کرد ئەوکاتەی ئەو دوکانی داناوە هیچ جۆرە دوکانێکی لەو جۆرە نەبو لەگەڕەکەکەی ئەوان کە زیاد لەسیازدە ساڵە ئەم دوکانداری ئەکات و هەر ئەوەش هۆکاری ناسراویەتی لە گەڕەکەکەیدا.

وادیارە قەیرانی دارایی کاریگەری هەبوە لەسەر کار و دوکانەکەی سروەخانیش، لەوبارەوە وتی: «قەیرانی درایی زۆر کاریگەری هەبوە لەسەر کاری دوکانداریم، خەڵک هەیە پێداویستی و کەلوپەل بەقەرزدەبات»، بەڵام بەهۆی دڵفراوانی سروەخانەوە دوکانەکەی هەر وەک خۆیەتی و کریاران بەردەوامن لەمامەڵە کردن لەگەڵی.

وەک خۆی دەڵێت: «خەڵک فەقیرەو پارەی نیەو دەبێت هاوکاریان بکەین، قەرزی واهەیەچەند مانگێکە چاوەڕێم کەبۆم بگەڕێننەوە، خەڵک نەخۆشی هەیەو دەبێت یارمەتی بدەیت».

وتیشی: «کەسانێکیش هەن دێن بۆ پرسیارکردن لە چۆنێتی دانانی دوکان و بەڕێوەبردنی و هانی زۆر کەسم داوەبۆ ئەم کارە.

ڕێنمایی ئەو کەسانەش دەکات و دەڵێت: «دەبێت ئارامبگرن و مەزاجێکی ساردیان هەبێت، هەندێک جار خەڵکی تورەیەو دەبێت بەهێمنی هەڵسوکەوت بکەیت.»

لە داعش هەڵهات بەڵام سوپای عێراق هاوسەر و منداڵەکانی کوشت

چیرۆکی ژنێکی ئاوارە لە کەمپێکی گەرمیان

■ نەوژین،
زریان محەمەد- جوانە جەلیل

دایکی ئیدریسی تەمەن (٤٠) ساڵ، دومانگ بەر لە ئێستا لەگەڵ هاوسەرەکەی و پێنج منداڵەکەی دا، هەوڵی هەڵهاتنی دا بەرەو ناوچەی (خازر)، بەوپێیەی گوندەکەیان لەنزیک موسڵ ببوە گۆڕەپانی شەڕی نێوان داعش و سوپای عێراق، بەڵام لە ڕێگا ئۆتۆمبێلەکەیان کەوتە بەر بۆردومانی فڕۆکە جەنگییەکانی عێراق.

دایکی ئیدریس، بەدەم گریان و هەڵڕشتنی فرمێسکەوە بۆ رۆژنامەی (نەوژین) دواو وتی: «کاتێک لە گوندەکەمان بوین داعش هێرشی کردەسەر سوپای عێراق و گوندەکەی ئێمەش بوە گۆڕەپانی شەڕێکی گەورە».

بەوتەی دایکی ئیدریس، هێزەکانی سوپای عێراق و چەکدارەکانی داعش هەردولایان جلی سەربازی زەردیان لەبەردا بو، بۆیە نەمان توانیوە لەیەکترییان جیا بکەینەوە، تەنها دەمان بینی جل زەرد لەبەرەکان لە یەکترییان دەکوشت، هیچ لە بارودۆخەکە حاڵی نەدەبوین.

بە هۆی گەرم بونی شەڕی نێوان داعش و سوپای عێراق، دایکی ئیدریس و هاوسەرەکەی و منداڵەکانی لەگەڵ خەڵکی گوندەکەیاندا، بەشێکیان بە پیادەو بەشەکەی تریان بە ئۆتۆمبێلی بارهەڵگر هەڵهاتون بەرەو ناوچە ئارامەکان.

خێزانە هەڵهاتوەکان لەپاڵ مەترسی پەلاماردانییان لەلایەن داعشەوە ترسیشیان هەبوە لەوەی لەلایەن تانک و فڕۆکە عێراقیەکانەوە بکرێنە ئامانج.

> **بەهۆی بۆردومانی هێزە عێراقییەکانەوە، هاوسەرەکەم و دو کوڕم کوژران**

وەکو دایکی ئدریس ئاماژەی بۆکرد، کاتێک چونەتە نێو ناوچە قەدەغەکراوەکانی داعش و سوپای عێراقەوە، هەوڵیان داوە سوپای عێراق تێبگەیەنن لەوەی کە ئەوان ئاوارەن و بەهۆی شەڕەوە ماڵ و حاڵیان بەجێهێشتوە لە ترسی ئەوەی بۆردومان نەکرێن.

دایکی ئیدریس، وتیشی: «بەڵام هەرچی داد و بێدادمان کرد بێسود بولەلایەن سوپای عێراقەوە بۆمباران کراین، بەهۆی بۆردومان کردنمان لەلایەن تانک و فڕۆکە عێراقییەکانەوە، لەڕێگاو لەکاتی هەڵهاتنماندا، هاوسەرەکەم و دو کوڕم کوژران».

دایکی ئیدریس، لەکاتی باس کردنی ئەو کۆستە گەورەی کەبەسەر خێزانەکەیدا

دایکی ئیدریس وێنەی هاوسەر و منداڵە کوژراوەکانی بەدەستەوە گرتوە

هاتوە، دای لە قوڵپی گریان و وتی: «کاتێک فڕۆکە بۆردومانی کردین لە پڕێکا دەنگێکی گەورە هات و کاتێک بەهۆش هاتمەوە بینیم پاشماوەی جەستەی هاوسەرەکەم و منداڵەکانم لە ئامیزدا بوە».

ئەو وتیشی: «هەرگیز ئەو ساتانەم لەبیر ناچێتەوەو کەلاشەی گەرمی ئازیزانم بە پارچەپارچەبوی لە ئامێزمدا بون».

هەڵهاتنی دایکی ئیدریس و دورکەوتنەوەی لەگۆڕەپانی جەنگ نەک تەنها خۆشبەختی لێ نەکەوتوەتەوە، بەڵکو خۆی و خانەوادەکەی خستوەتە نێو بارودۆخێکەوە کە دەرچون لێی ئەستەمە.

دایکی ئیدریس، دوای بڕینی سەدان کیلۆمەتر دواجار گەیشتوەتە نێو خاکی هەرێم و لە ئێستادا لەگەڵ کچە گەورەکەی و دومنداڵی تریدا لە نێو کەرەڤانەیەکی پێنج مەتریدا لە کەمپی ئاوارەکان لەگەرمیان، ژیان دەگوزەرێنن.

ئەو لەپاڵ خەمخواردنی بۆ لەدەستدانی هاوسەر و دو منداڵەکەی خەمی بەخێو کردنی منداڵەکانی تری بو، بەتایبەت کە گیرۆدەی دەستی هەژاری و سەختی ژیان و گوزەرانی بو.

لە دەوروبەری کەرەڤانەکەی ماڵی دایکی ئیدریس ژمارەیەک خێزانی تری خەڵکی (موسڵ و فەلوجە) هەبون، هەرچەندە ئەوان خۆشیان سەختی ژیانی ئاوارەیی تەنگی پێهەڵچنیبون، بەڵام هەمیشە بیریان لەلای دایکی ئیدریس بو.

وەلید فەلوجەیی، کە لەکەرەڤانەیەکی تەنیشت ماڵی دایکی ئیدریس نیشتەجێ ببو، بە نەوژینی وت: «دایکی ئیدریس و منداڵەکانی لە ژیان و گوزەرانێکی سەختدان و کەس نیە کاریان بۆ بکات و بیانژێنێ.»

وتیشی: «دایکی ئیدریس بە دەست منداڵە بچوکەکانیەوە گیرۆدە بوە، ئەگەر حکومەت یان لایەن و ڕێکخراوێک هەبێت یاخود خێرخوازێک لەخۆی راببینێ و مانگانە بڕێک پارەیان بۆدابین بکات، چونکە ئەوان خێزانێکی بچوکن وخەرجیان کەمەو دەتوانن بژێوی ژیانیان بەڕێوە ببەن.»

لە 10 ساڵ 10 کتێبی وەرگێڕاوە

مهاباد حەسەن

■ نەوژین، پەیام لەتیف

مهاباد حەسەن مەلا عوسمان، ئەو ئافرەتەیە لەکاتێکدا دەست بەوەرگێڕانی کتیب دەکات، لەگەرمیان ژمارەی ژنی نوسەر و وەرگێڕ، لە پەنجەکانی یەک دەستیش تێنەدەپەڕی، بەڵام ئەو بەتوانای خۆی وبەپشتگیری خێزانەکەی، توانی سەرکەوتوبێت لەو کارەی دەستی داوەتێ و بەرهەمەکانیشی تائێستا ١٠ کتێبە.

مەهاباد، لەسالی (٢٠٠٨) وە دەستی بەکاری وەرگێڕان کردوە، (ژنی نمونەیی) یەکەم کتیبی وەرگێڕاویەتی کە لەساڵی (٢٠٠٩) لەچاپدراوە و (٢٠١٣) دوبار چاپکراوتەوە.

ئەو زۆر بەلەسەرخۆیی بڕیار لەسەر ئەو کتێبانە دەدات کە وەریدەگێڕێت، کاتێکیش دەست بەوەرگێران دەکات چەندین سەعات کاردەکات تاوەکو کتێبەکانی بەباشترین شێوە بخاتە بەردەستی خوێنەران، هەمو کتێبەکانیشی لەزمانی فارسیەوە وەرگێڕاوە.

(پروگرامی ئامانجە مەزنەکان، رۆژێک ٣٦٥ دوبارە نەکەینەوە، لەشەپولەوە تا لوتکە، کاتێک تۆ دەگۆڕێیت جیهانیش دەگۆڕێت، پێویستیەکانی مرۆڤی ئەمڕۆ، دەروازەی بەدیهێنانی خەونەکان)، ناونیشانی ئەو کتێبانەن کە وەریگێڕاون و چاپی کردون. هەندیکی تریش لەکتیبەکانی لەژێر چاپدایە.

ناوەڕۆکی کتێبەکانی مەهاباد، بابەتی کومەڵایەتی ودەرونین وکتێبێکیشی لەبواری تەنزدایە. بەلای (مهاباد حەسەن)وە جوانترین و خوشەویستترین کتیب کە وەریگێڕابێت «دەردی بێشعوریی» بوە. دەڵێت :«ئەم کتیبە بەتەواوی باسی کۆمەڵگای ئەمرۆی خۆماندەکات، باسی بیشعوریی کۆمەڵایەتی وسیاسی و راگەیاندن و پەروەردە دەکات.»

سەرباری وەرگێڕان، ئەو ئافرەتە وەرگێڕە، خاوەنی هەوڵی نوسینیشە، لەئێستادا کتێبێکی ئامادەکراوی هەیە کە خۆی نوسیویەتی بەناوی (مۆدیلی بەئەمرۆیی بون یان پیشیلکردنی بەهاکان).

لەبارەی ئەم کتێبەوە دەڵێت: «ئەم کتێبە لەروانگەی دەرونناسی وکومەڵناسی وئاینی ئیسلامەوە شرۆڤەی مۆدێل وجلوبەرگی تاکەکان وئارایشت دەکات بەتایبەتی خانمان وگەنجان وکۆکراوەی شەش ساڵ کارکردنمە، کە هەمو کارەکانی تەواوبوە، بەڵام بەهوی قەیرانی دارایی لەگەڵ هەندێک لەکتێبە وەرگێڕاوەکانی تر دا چاپکردنی دواکەوتوە».

لەبارەی کەمی ژمارەی بونی ژنی نوسەر لەکوردستان بەگشتی و گەرمیان بەتایبەتی، مهاباد حەسەن، دەڵێت: «ژنی نوسەر هەیەو پیشتریش هەبو، بەڵام بەهوی ئەوەی ژینگەیان بۆ لەبار نەبوە کەمیان بەردەوام بون و زۆربەیان وازیانهێناوە».

ئەوەش دەڵێت: تاکو ئێستا وەکپێویست بڕوا بەتوانای ئافرەت نەکراوە، ئەمەش بەشێکی بۆ خودی ئافرەت خۆی دەگەڕێتەوە، چونکە خۆمان کەمتەرخەمین هەوڵمان نەداوە وەک پێویست جێگای خومان بکەینەوە و «تاکو تەراین» و وەکو ئافرەتیش کارەکانمان درەنگ تر چاپ دەبێت.

کاتیک دێیتە سەرباسی بیدەنگیەکەی لەوەرگێڕان ونوسینی کتیبەکانی، ئەو دەڵێت: «دو لایەنی هەیە، یەکەم: دەبێت کار مروڤ بناسێت نەک من شتەکان زەقکەمەوە، ئەگەر کارێک سەنگ وقورسی هەبێت خەڵک خۆی بەدوای خاوەنەکەی دەگەڕێت باخوێنەر خۆی بڕیاربدات کە من چۆن کارمکردوە».

لایەنی دوەمیش بە رای ئەو، دەگەڕێتەوە بۆ نەبونی دەزگای چاپ لەگەرمیان.

وتی: «من حەز دەکەم دەزگای چاپ لەشارەکەی خۆم هەبێت ولێرە کتێبەکانم چاپ بکەم، بەڵام جاری واهەیە کتیبەکانم دوای ماوەیەکی زۆر دەگاتە ئێرە لەکاتیکدا من لەهەمو شارەکانی تر کتێبی خۆم دەبینم»

مهاباد خێزانەکەی زۆر پشتگیریانکردوە لەکاری وەرگێڕان ونوسین. وەکخوی دەڵێت: «وەرگێڕان زور قورسەو کاتێکی زۆری دەوێت و پێویستی بەکەشێکی هێمن و لەسەرخۆیە،ماڵەوەش زۆر هاوکاری منیان کردوەو ئەو کەشەیان بۆ رەخساندوم وبەردەوامیش پاڵپشتیم دەکەن لەکارەکانمدا».

سەرباری ئەو بەرهەم و کارانە، مهاباد حەسەن، تاکو ئێستا خۆی بەنوسەرێکی باش نازانێت هیوای وایە «لەداهاتودا ببمە نوسەرێکی باش و بەو پەڕی تواناموە خزمەت بەژن ولایەنی پەروەردەیی و رۆشنبیری ئەم کۆمەڵگایە بکەم، چونکە پەروەردە لەکۆمەڵگای ئێمە زۆر لاوازە و زۆربەی کێشەو گرفتەکانمان نەبونی پەروەردەی تەندروستە».

مەهاباد، لەساڵی٢٠١٠ زانکۆی سلێمانی بەشی کۆمەڵناسی تەواوکردوە، ئێستاش توێژەری کومەڵایەتیە لەقوتابخانەی گەلاوێژی ئێواران. وەکخۆیشی دەڵێت: «حەزدەکەم هەرلەوبوارەدا بروانامەی ماستەرو دکتورا بەدەستبهێنم».

کاتێک ئافرەتێک دەیەوێت خۆی بسەلمێنێت روبەروی چەندین ئاستەنگ دەبێتەوە

جگە لە وەرگێڕان و نوسین، ماوەی چەندین سالێش لەبواری ئافرەتان کاری کردوە لەسەنتەری بەرەنگاربونەوەی توندوتیژی دژ بە رەگەزی مێینە لەکەلار کەسەر بە رێکخراوی PDO بوە، لەو روەشەوە چەندین کورِو سیمیناری لە گەرمیان پێشکەشکردوە.

مەهاباد، لەبارەی تواناو مافی ژنان و رێگریکردن لێیان بۆ کارکردن و بەرەوپێشەوەچون، وتی: «لەکومەڵگەی ئێمەدا کلتور بەسەر دین ویاساو ویژدانەوە زاڵە، تائێستا لای زۆرینەی ئەم کۆمەڵگایە ئافرەتی باش ئەوەیە هەر لەماڵەوە بێت وبێدەنگ بێت و حەقیشی بخورێت و هیچ نەڵێت».

جەختیشدەکاتەوە: «بەڵام خۆشبەختانە ئێستا ئافرەتی چاوکراوەمان هەیە، هەرچەندە کاتێک ئافرەتێک دەیەوێت خۆی بسەلمێنێت روبەروی چەندین لەمپەر و ئاستەنگ دەبێتەوە».

دەشڵێت: «دەخوازم ئەو پیاوانەی پەروەردەی دەستی ئافرەتن مروڤانە بیربکەنەوە نەک پیاوانە، کاتی خۆی ئەو عەقڵیەتەی دایک وداپیرەمان ئێمەیان پێ پەروەردەکرد، عەقڵیەتیەکی پیاوانەبو لەمێشکێکی ژنانەوە دەردەچو».

بەشێک لە بەرهەمەکانی وەرگێڕ

دوێنێ و ئەمڕۆ و هەمیشە لەگەڵ فروغ...

■ نوسینی:جەلیل دوستخواە
■ وەرگێڕانی:مهدی کەریمی

وتویانە کە شیعر ئامادەبوییەکی بەردەوامە، هەروەها شاعیریش وەک شیعرەکەی هەڵگری هەمان سیفەتە، لەبەر ئەوە کەواتە فروغ دوێنێ و ئەمڕۆ و بۆهەمیشە لەگەڵماندایە و زیندوە لەناوماندا، چونکە لە ئێستادا بەهۆی زۆربونی توندوتیژی بەرامبەر ئافرەتان و رەوشی نالەباری ژیانیان هەست بەوەدەکەین کە فروغ شیعرەکانی بۆ ئەم سەردەمە دەگونجێت و واهەستەکەین ئێستا لەناوماندایە و ئەو شیعرانەی بۆ ئێستا نوسییوە، فروغ لەتەمەنی ٣٢ ساڵی خۆیدا توانی لە بواری شیعردا سەدەیەک پێش خۆی بکەوێت و هاورێکانی بەجێبهێڵێت و لە جیهانی دوای خۆیدا بژی، فروغ یەکەمین دیوانی شیعری خۆی لە ساڵی ١٩٥٤دا بڵاو کردەوە بەناوی (دیل).

ئەم دیوانەی بوە هۆی ئەوەی لەلان مەلاکانی شاری شیرازەوە فتوای کوشتنی بۆدەربکرێت، ئەمەش لەکاتێکدا تەمەنی لە بیست ساڵ تێپەرنەبوبو، بەدوای ئەودا لە ساڵانی ١٩٥٦ و ١٩٥٧ دو دیوانی تری بڵاو کردەوە بەناوەکانی (دیوار) و (یاخی)، بەڵام دوای بڵاوکردنەوەی دیوانی چوارەمی بەناوی (لەدایک بونێکی تر) بوە مایەی سەرهەڵدانی شێوازێکی نوێ لە شیعری فارسیدا و دەرکەوتنی شاعیرێکی دەگمەن بە شیعری نوێوە توانی تەکانێک بەشیعری فارسی بدات و ببێتە سەرمەشقی نوسینی شێوازی شیعری نوێ لەسەردەمی خۆیدا.

فروغ بوە یەکەم ئافرەت کە بتوانێت کاریگەری بەرچاوی لەسەر ئەدەبیاتی وڵاتەکەی خۆی هەبێت و ببێتە نمونەش بۆ ئافرەتان کەتوانایان ئەگەر زیاتر نەبێت کەمترنییە لە پیاوان، لەسەردەمی منداڵیشیدا بەردەوام رەفتاری سەیرو سەمەرەی دەکرد، وەک رۆیشتن بەسەر دیواردا بەچاوی داخراوەوە هەروەها شەرکردنی لەکۆڵان لەگەڵ کورەکاندا و زۆر رەفتاری سەیر و سەمەرەی تر تا بەهەموانی بسەلمێنێت کە کچ هیچی کەمتر نییە لە کوڕەکان چونکە باوکی فروغ زیاتر گرنگی بەکورەکانی دەدا وەک کچەکانی.

ئەگەر گوزەرێک بە دیوانی لەدایک بونێکی تری فروغدا و دیوانی دوای ئەویش بکەین بەناوی (باوەڕبهێنین بەسەرەتای وەرزێکی سارد) دەتوانین بڵێین فروغ ناسنامەی ژنی رۆشنبیر و هەڵبژێردراوی ژنانی ئێرانە و یەکێکە لەپایە پتەوەکانی شیعری ئێران و شاعیری هاوچەرخی ئێران. ئەمڕۆکەش کە فروغ بە باغە هەمیشە بەهارییە شیعرەکانی لە ناو دڵی ئێمەدا جێگەی خۆی کردوەتەوە، ئامادەبونی ئەو باشتر و ئاشکراتر هەست پێدەکەین، چونکە لە شیعرەکانیدا هەمیشە هەست بەزیندوی خۆی و راستێتی ئازاری ژنانی ئەم ناوچەیە و ئێران بەتایبەتیتر دەکەین.

فروغ، دەڵێت (ئەگەر عەشق عەشق بێت کات شتێکی بێمانایە)، بۆیە منیش دەڵێم ئەگەر شیعر شیعر بێت کات شتێکی بێمانایە، فروغ لە ژورێکی بچوکدا بەتەنیا دانەدەنیشت و ئەژنۆکانی لە باوەش نەدەگرت، یان بۆ ئازار و غەمەگەورەکانی چۆکی دانەدەدا و لای لایی نەدەوت، بەڵکو بەسەر ترس و رێگرییەکانی بەردەمیدا سەردەکەوت و بەشوێن تروسکاییەکدا دەگەڕا تا بتوانێت چرای تاریکی نێوان تاکەکانی پێهەڵبکات و رزگاریان بکات، ئەو وێڕای نەگەیشتنی بە هیوا و ئاواتەکانی، بەڵام بەردەوام لەگەڵ تاکەکان و هاوەڵەکانیدا لە جوڵەدابو و هەوڵی دەدا رێگری بەردەم ژنان هەڵبگرێت و گۆشەگیرکردنیان نەهێڵێت، تێکەڵی کۆمەڵگەیان بکات و بیانکاتەوە بەهاوتای پیاوەکان، وەک خۆی لە شیعرێکدا دەڵێت، هەوڵدەدات پەیوەندی لە نێوان درەخت و ئاگر و ئاودا دروست بکات.

ئەو دەستەکانی خۆی لە باخچەدا دەڕواند تا زەوییە وشکەکانیش بکاتە زەوییەکی بەرهەم هێن، مرۆڤەکانی ئاگادار دەکردەوە کەدڵ نەبەستن بە گۆماوێکی بچوک و لە دەریا قوڵەکان و پر تۆفانەکاندا بەدوای مرواریدا بگەڕێن، ئەوە فروغە کە پەردەی تاریکی و لێڵی لادەبات و رۆشنایی بۆ ژیان دەگێڕێتەوە، ئەوە فروغە رێگە ئاسان دەکات بۆ ژنانی دوای خۆی تا دانەنیشن و لە تەواوی بوارەکانی ژیاندا ئەسپی خۆیان تاوبدەن و سود لەبەهرەکانیان وەربگرن.

*** سەرچاوە: کتێبی کەسێک کە وەک هیچ کەس نییە.**

فـــروغ فـــروغ زاد

شەش مامۆستا هیوا بۆ منداڵانی نابیست لەگەرمیان دەگێڕنەوە

■ نەوژین، پەیام لەتیف

ئەگەر نەتوانن ببیستن و قسەبکەن، بەڵام بەئاماژە زۆرباش دەتوانن تێبگەن، منداڵانی نابیست لەگەرمیان، ئێستا چرایەکیان هەیە، بۆفێربون و خوێندن.

لەساڵی ٢٠١٢وە قوتابخانەی وانۆی نابیستان لەکەلار دامەزراوە کە منداڵانی نابیست دەتوانن تێیدا وەکو هەر منداڵێکی ئاسایی فێری خوێندن ونوسین بن. ئێستاش سەرباری ئەوەی لەبینای بەڕێوەبەرایەتی چاودێری وگەشەپێدانی کۆمەڵایەتی گەرمیان شوێنیان بۆ دابینکراوە، بەڵام تائێستاش نەبوتە قوتابخانەیەکی فەرمی و لەلایەن وەزارەتی پەروەردەوە دانی پێدا نەنراوە.

(ڕەحیم کەریم)، بەڕێوەبەری قوتابخانەی وانۆی نابیستان، بۆ (نەوژین) وتی: «لەلایەن حکومەتەوە هیچ هاوکاری نەکراوین، تەنها لەلایەن خێرخوازانی کەلارەوە هاوکاری کراوین.»

وتیشی: «کەموکورتیمان هەیە لە دابینکردنی هەندێک کتێبی تایبەت بەنابیستان، بۆیە داواکارین ئەم قوتابخانەیە بکرێتە قوتابخانەیەکی فەرمی وبخرێتە سەر وەزارەتی کاروباری کۆمەڵایەتی».

لەم قوتابخانەیەدا، شەش مامۆستا بەخۆبەخشی وانەدەڵێنەوە. (شۆخان ئەحمەد) پێنج ساڵە مامۆستایە لەم قوتابخانەیەو بەخۆبەخشی وانەدەڵێتەوە، بە (نەوژین)ی وت: «داواکارم ماندوبونمان لەبەرچاوبگیرێت، بکرێنە گرێبەست یان تەعینی ڕەسمی وموچەمان بۆ دابینبکرێت.» لەبارەی ئاستی تێگەیشتنی قوتابیەکان وقورسی وانەوتنەوە پێیان، م.شۆخان

> دەرس وتنەوە بەو منداڵانە زۆر قورسە، چونکە تەنها بەئاماژە تێدەگەن

مامۆستایەکی نابیست لەکاتی وانە وتنەوە بۆ خوێندکارەکانی

وتی: «دەرس وتنەوە بەو منداڵانە زۆر قورسە، چونکە تەنها دەتوانرێت بەئاماژە تێبگەیەنرێن، بەڵام ئاستی تێگەیشتنی قوتابیەکان زۆرباشەو ئێمەش ڕاهاتوین لەگەڵیاندا».

زمانی ئاماژە زمانێکی بەکارهاتوی نێوان نابیستانە کەهەمو کەس ناتوانێت فێری ببێت، بەڵام مامۆستاکانی ئەم قوتابخانەیە چۆن فێربون؟

م.ڕەحیم، وتی: «هەمو مامۆستاکانی ئەم قوتابخانەیە کەسوکاری نابیستن بۆیە توانیویانە ئەم زمانە فێرببن و تەنها یەک جار ڕاهێنانیان وەرگرتوە لەسەر چۆنیەتی وانەوتنەوە بەو منداڵانە.»

لەم قوتابخانەیەدا ٥١ قوتابی هەیە کە ١٩ یان کچن، لە شوێنەکانی وەکو وەکو (کفری، خانەقین و ڕزگاری) قوتابی نابیست دێن و لەم قوتابخانەیە دەخوێنن.

نوها سەفەر، ١٨ ساڵ، یەکێکە لەقوتابیە زیرەکەکانی ئەم قوتابخانەیە، وتی: «لێرە فێری وانەکانی کوردی، بیرکاری وئینگلیزی بوم»، داوا لەخێزانەکانیش دەکات منداڵە نابیستەکانیان بنێرنە بەرخوێندن چونکە لەماڵەوە فێری هیچ نابن و بێزاردەبن.

توانا عومەر، یەکێکی تر لەقوتابیەکانی ئەم قوتابخانەیە، سەبارەت بە هەڵسوکەوتی مامۆستاکان لەگەڵیاندا دەڵێت: زۆرباش لە مامۆستاکان تێدەگەم، ئەوان زۆربەجوانی مامەڵەمان لەگەڵدا دەکەن.

کەسوکاری منداڵەکانیش لەگەڵ ئەوەی دڵخۆشن کەمنداڵەکانیان دەخوێنن، بەڵام داواکاریان هەیە.

جەمیلە سرود، دایکی دو کچ و دو کوڕی نابیستە کە لەم قوتابخانەیە دەخوێنن، دەڵێت: «زۆر پێمخۆشە کەمنداڵەکانم دەخوێنن وحەزدەکەم وەک هەرمنداڵێکی ئاسایی خوێندن تەواوبکەن، بەڵام دابینکردنی کرێی سەیارەی چوار منداڵ بەڕاستی قورسەو بەزەحمەت پێمان دابیندەکرێت، بۆیە داواکارم لەحکومەت کرێ سەیارەی منداڵەکان دابین بکات.»

(م.ڕەحیم)یش وتی: «چەندین قوتابی بەهۆی ئەوەی کەسوکاریان توانای دابینکردنی کرێ سەیارەیان نەبوە وازیان لەخوێندن هێناوە، بەتایبەتی ئەو قوتابیانەی لەدەرەوەی کەلاربون وەکو کفری و ڕزگاری.»

لەبارەی ئەوەی بۆچی قوتابخانەی وانۆی نابیستان نەکراوەتە قوتابخانەیەکی فەرمی و نەخراوەتە سەر وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی و مامۆستاکانی هیچ موچەیەکیان بۆدابیننەکراوە؟ دەرون عومەر، بەڕێوەبەری گشتی چاودێری و گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی گەرمیان، بە (نەوژین)ی وت: «ئێمە نوسراومان ئاڕاستەی وەزارەت کردوە بۆئەوەی مامۆستا خۆبەخشەکانی قوتابخانەی وانۆ بکرێنە گرێبەست و موچەیان بۆدابینبکرێت، ئەوکاتە دەتوانرێت قوتابخانەکە بکرێتە بەشێک لەپەیکەری ئیداری بەڕێوەبەرایەتیەکەمان».

بەپێی ئاماری بەڕێوەبەرایەتی گشتی چاودێری و گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی گەرمیان ٧٥٠ نابیست تۆمارە لەلایان.

لەپێناوی پارەدا منداڵانی ئاوارە بەکاردەهێنرێن

منداڵێکی ئاوارە لەکاتی کارکردن دا

■ نەوژین

بەرپرسێکی مافی مرۆڤ ئاماژە بە بونی حاڵەتەکانی بازرگانیکردن بە منداڵان و بەکارهێنانیان بۆ کارکردن دەکات لەگەرمیان، دەشڵێت: «بەشێکی خێزانەکان ئەو منداڵانە بەکاردێنن بۆ پارە پەیدا کردن».

خەبات ڕەشید، بەڕێوەبەری نوسینگەی مافی مرۆڤ لە گەرمیان، بە (نەوژین)ی وت: «ڕۆژان و شەوان ژمارەیەکی زۆر منداڵ لەسەر شەقامەکانی کەلار سەرقاڵی فرۆشتنی کلێنسن کە تەواوی ئەو منداڵانە عەرەبن.»

وتیشی: «یەکێک لەو بازرگانیانەی کە لە ئێستادا بە مرۆڤەوە دەکرێت بریتی یە لە بەکارهێنانی منداڵان بۆ مەبەستی کلێنس فرۆشتن لە ترافیک لایتەکان کە لەلایەن هەندێک خەڵک و کۆمپانیاوە بەکاردەهێنرێن بۆ کلێنس فرۆشتن».

ئەو بەڕێوەبەرەی مافی مرۆڤ، تیشکیخستە سەر ئەوەی کە ئەو کارە مەترسیی و لێکەوتەی کۆمەڵایەتیی زۆری دەبێت چ بۆسەر ئەو منداڵانەو چ بۆسەر کۆمەڵگا.

لەوبارەوە وتی:« ئێمە بەدواداچونی وردمان بۆ ژیانی ئەو منداڵە کلێنس فرۆشانە کردوە و لە ڕاپۆرتەکانمان ئاماژەمان بەوەدا کە کارکردنی ئەو منداڵانە خەتەرێکە لەسەر کۆمەڵگەی کوردی و کاردانەوەی دەبێت لەسەر منداڵی خۆمانیش».

> ئەو منداڵانەی کە لە کەلار کاردەکەن هەمویان عەرەبن

بەپێی بنەماکانی مافی مرۆڤ، منداڵ تا تەواوکردنی تەمەنی یاسایی خۆی کە ١٨ ساڵە، نابێت کاربکات و حکومەت و خێزانەکان ناچارکراون بە دابینکردنی بژێوی منداڵان، بەڵام ئەم بنەمایە هەرگیز لە عێراق و کوردستان پشتی پێنەبەستراوە.

ئەگەرچی بەهۆی باشبونی دۆخی ژیانەوە لەچەند ساڵی ڕابردودا حاڵەتەکانی ئیشکردنی منداڵان لە گەرمیان کەمتر بوبوەوە، بەڵام قەیرانی دارایی جارێکی تر منداڵانی گەڕاندەوە سەر کار.

جگە لە منداڵانی کورد، بەشێکی زۆر لەو منداڵانەش کەلەگەڵ خێزانەکانیان ئاوارەی هەرێمی کوردستان و ناوچەی گەرمیان بون لەدوای شەڕی داعشەوە، کاردەکەن و ئیشی دەستگێڕی لەناو بازاڕەکاندا دەکەن، زۆرینەشیان کاری فرۆشتنی کلینس لە ترافیک لایتەکانی قەزای کەلار ئەنجام دەدەن.

ئەو منداڵانەی لە ترافیک لایتەکانی کەلار کلێنس دەفرۆشن تەمەنیان لە نێوان ٥ تا ١٥ ساڵدایەوەو بەپێی وتەی بەڕێوەبەری مافی مرۆڤیش ئەم منداڵانە نابێت کاریان پێبکرێت بەپێی جاڕنامەی مافەکانی مرۆڤ .

بەڕێوەبەری مافی مرۆڤی گەرمیان جەختیکردەوە «ئەو منداڵانەی کە لە کەلار کاردەکەن هەمویان عەرەبن و بە جۆرێک لە جۆرەکان باوکیان لەدەستداوە (بێ باوکن) و لەلایەن مام و باپیرو کەسە نزیکەکانیانەوە بۆ کارکردن بەکاردەهێنرێن».



ئافرەت و شوناس



▪ سارا مەجید

پرسی شوناس، بەدرێژایی مێژو، دانەبڕاو نەبوە لە مرۆڤایەتی. هەمیشەش ڕەگەز و چینە ژێر دەست و مافخوراوەکانی وەک (ئافرەت، کرێکار، جوتیار) کێشەی ناسنامەیان هەبوە. چونکە بەرکەوتەی یەکەمی جەنگ و کلتور و دواکەوتویی کۆمەڵگاکانن و ئەمەش نەیهێشتوە چاو و گوێیان بکرێتەوە و ئاشنا ببن بە مافەکانی خۆیان.

هەمــو ئەو توێژینەوانــەش بە درێژایی مێژو، بۆ گەڕانەوەی ماف کراوە بۆ ئەو چینە قوربانییانە، بە ئاکام نەگەیشتوە. چونکە تویژینەوەکان نەگەڕاونەتەوە بۆ کێشەی ناسنامە و برێک جاریش درکیان پێ نەکردوە.بە نمونــە: لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و کوردستاندا، چەندین ساڵە سەرەڕای زۆرتربونی ژمارەی فیمینێست و ڕێکخراوەکانــی ژنــان و چالاکوانانی بــواری مافەکانــی مــرۆڤ و زۆربونی ژمارەی ئافرەتانــی خوێندەوار، ڕۆژ لە دوای ڕۆژ، ژمــارەی خۆکــوژی ئافرەت زیاتر دەبێــت و ئازارەکانی ئافرەت لە هەڵکشاندایە.

ئەمــەش دەگەڕێتــەوە بۆ کێشــەی شوناس (ناسنامە). کە لەلایەن کۆمەڵگا و کلتورەوە، لە ئافرەت ســەندراوەتەوە و نە ئافرەت خــۆی درکی بەوە کردوە و نــە چالاکوانەکانی بــواری مافەکانی ژنانیش. هەر بۆیە هەمیشە ئەو گلەییە دەبیســتین، کــە ڕێکخراوەکانی ژنان نەیانتوانیوە لە ئازاری ژن کەم بکەنەوە و خۆیان بونەتە کێشە بۆ ژن.

ئەم قسەیە ڕاســتە. چونکە ئەوکاتەی نەتوانرێت، پەنجە بخرێتە ســەر برینی ســەرەکی، هەر چارەســەرێک ئاکامی خراپتــری لێدەکەوێتــەوە. هــەر لەم سۆنگەیەشــەوەیە، دەتوانیــن بڵێیــن بەشێکی زۆری فینینێست و چالاکوانانی بواری مافەکانی ژنــان، مەعریفی نین، چونکــە هێشــتا درکیان بە کێشــەی شوناس نەکردوە.

سەرەڕای زۆربونی ڕێکخراوەکانی ژنان، ڕۆژ لە دوای ڕۆژ، ژمارەی خۆکوژی ئافرەت زیاتر دەبێت

هەر خۆپیشــاندان و دەنگ هەڵبڕین و ناڕەزایەتییەک لە کاتی کوشتنی ژنێکدا، هیچ لە ئازارەکانی ژنان کەم ناکاتەوە، بــە بێ گەڕانــەوە بۆ ئــەو باکگراوەند و ئایدیایانــەی، زەمینەســازن بــۆ چەوساندنەوەی ژنان و خەستکردنەوەی خوێنیان.

هەر کلتور و پیاوسالاری و مامۆستایەکی ئاینــی، کە بەشــدارن لە کوشــتن و ئازاردانی ژناندا، بە سەرزەنشتکردنیان، دەستیان لەو خوێنە سورە ناشۆن.

ئەوەی دەکرێت کاری لەســەر بکرێت، گەڕانەوەیــە بۆ خــودی ئافرەت خۆی و کارکردن لەسەر هۆشــیارکردنەوەی ئافــرەت و ناســاندنی خــودی خۆی، بەخــۆی. چونکە ئەو دەمەی ئافرەتێک بتوانێت خــۆی بناســێت، ئیتر خۆی دەزانێــت چۆن مامەڵە لەگــەڵ برینی خۆیــدا دەکات و پێویســتی بــە هیچ فیمینێســت و رێکخراوێکــی ژنــان و سەرزەنشت کردنی پیاو و کلتور نابێت. کە سەرزەنشتەکە تەنیا سەنگەرلێگرتنی پیاو و ژنی لەیەکتر لێدێتە بەرهەم و ڕق دروست دەکات.

کاتێــک ژنێکی خوێنــدکاری زانکۆ بە منــی وت: ”گەر کچم ببێــت، دڵی لێ پیــس دەکــەم و ڕێگەنــادەم بــڕوات بۆ ماڵــی هاوڕێکەی.“ ئەمە کێشــەی شوناس (ناســنامە)یە. چونکــە تــۆ دەتەوێت، خۆپیشــاندان بکەیت، دژی کلتور و پیاوســالارییەک و بپرسیت بۆ مافی ئافرەتەکەیــان زەوت کردوە؟ لە کاتێکدا ئافرەتەکە نەک هێشــتا خۆی باوەڕی بە مافی خۆی نییە، بگرە ئاشنا نییــە بە مافەکانی خــۆی، کە چین و کامانــەن. کە لێــرەدا، ئاشــنانەبونی ئافرەتەکــە بــا مــاف و ناســنامەی خۆی، دەبێتە بەشــێکی ســەرەکی لە درێژکردنــەوەی پیاوســالاری و ئــەو کلتورەی لەســەر بنەمــای پلە دویی و چەوساندنەوەی ئافرەت دروست بوە.

ئەوەی دەکرێت کاری لەسەر بکرێت، گەڕانەوەیە بۆ خودی ئافرەت خۆی و هۆشیارکردنەوەیەتی

کاتێــک ســەرنج دەدەم، زۆرینەی ژن و کچــە خوێندەوارەکانی کورد، خۆیان شــانازی بەوەوە دەکەن، کە لە قسەی بــاوک و برا دەرناچــن. ئەمە بەڵگەیە لەسەر کێشەی شوناس لەلای ژنی کورد، بە خوێنــدەوار و نەخوێندەوارەوە. هەر لە ژن و کچەکانەوە ڕۆژانە دەبیســتین : « کچەکــەم زۆر گوێڕایەڵە، قەت لە قســەی باوکی دەرناچێــت.» « کچە ڕەفیقەکەم زۆر بە ڕەوشتە، حەزدەکەم بیهێنم بۆ براکەم، چونکە زۆر بێدەنگە و براکانی زۆر لە دەستی ڕازین.» «من کــە لەگەڵ باوکــم و براکانمدا بڕۆم بۆ بازاڕ، یان چێشــتخانەیەک. هەتا پیاو لەگەڵمــدا بێت لە کاتی شــت کڕیندا، قەت دەست ناکەم بە گیرفانمدا چونکە عەیبە بۆ سومعەتی باوکم، یان براکەم کە لەگەڵمدایە.»

ئەمانــەو چەندیــن دەســتەواژەی تر، ئاماژەن بۆ ئەوەی ژنە خوێندەوارەکانی ئێمــە، باوەڕیان بــە پلەدویی خۆیان هێنــاوە و خۆیان ئاشــنانین بە ماف و بونــی خۆیــان. بۆیــە دەبیــت بۆ کەمکردنــەوەی ئازاری ژنــان، بەر لە ڕوکردنە پیاوان، لە هۆشــیارکردنەوەی ژنان خۆیان و ئاشناکردنیان بە ماف و ناسنامەی خۆیانەوە دەست پێبکرێت.

ئــەوکات خۆیان دەزان چــۆن مامەڵە لەگــەڵ برینی خۆیاندا بکەن و هەر لەم ســۆنگەیەوە، گەر بــون بەدایک، ئیتر خۆیان لەســەر دەســتی پەروەردەی خۆیان و ئاشنابون بە ناسنامەی خۆیان، پیاوی تەندروست پێشکەش بە کۆمەڵگا دەکــەن. پیاوێــک کە دوســبەی، نە توندوتیژ بێت بەرامبەر بە خوشکەکەی و نە بە پلەدو لە ژنەکەی بڕوانێت.

نهێنی کەیسەکانی دادگا ناپارێزرێن



▪ گوڵباخ حەسەن

زۆرێک لەوانەی کە کەیسیان لە دادگایە، سکاڵا لەوە دەکەن کە کەیسەکانیان بە نهێنی ناهێڵدرێتەوە

یەکێک لەبنەما چەسپاوەکانی لێکۆڵینەوە لە دۆسیەکانی دادگا، بەنهێنی بونە، واتا پاراستنی وردەکاری کەیسەکەو نەدرکاندنی لەلایەن ئەو کەسانەی کە دادوەر سەرپشکیان دەکات بۆ لێکۆڵینەوە.

لایەنی پیوەندی دار حشایان نەکردوە لە وەی کە زۆر جار ن‌هێنی کەیسەکان بڵاو دەکرێتەوە وە دەڵین کەسانی نفس نزم ئەو کارە دەکەن وەبەپێ مادەیاســایی سزادانی عێراقی ٤٣٧ی ژمارە١١١ساڵی ١٩٦٩هەرکەســێک بەهۆی پیشەکەیەوە زانیاریەک بڵاوبکاتەوەســزای بەندکردن بۆ ماوەیەک کەم تر نەبێت لەســاڵێک و زایاتــر نەبێــت لەدووســاڵ یــان خرامەدەیکرێتەوە.

بەڵام ئەوەی مایەی تێبینییە لەگەرمیان، پابەند نەبونە بەم پرنســیپەوە لەلایەن بەشێکی بەرچاو لەو کەسانەی کە وەکو لایەنی فەرمی ئاگاداری کێشەکە دەبن. ڕۆژانە لێرەو لەوێ لەشــوێنە گشــتی و تایبەتیــەکان گوێمان لــە وەدەبێت کــە کەیســەکان بەتایبەتی کەیســە هەســتیارە کۆمەڵایەتیەکان زوتر بڵاو دەبێتەوە، بەشێوەیەک وتەی سکاڵاکار یــان تۆمەتبار کە وتــەی لێوەرگیراوە لەدەمــی خەڵکــی ئاســایی و لایەنی پیوەندیدار دەبیستیتەوە بەتایبەتی تر ئەو کەســانەی کە خۆیان لەو شــوێنە پیوەندیدارانــەدا کار دەکــەن، وەک: پۆلیس و دادگا و ئاســایش و شــوێنە تایبەتمەندەکانی لێکۆڵینەوەی یاسایی. زۆر جار بەگاڵتەجارییەوە ئەوکەیســانە باس دەکرێــن، بەشــێوەیەک زۆربەی کەیسەکان هێشتا لەژێر لێکۆڵینەوەداک، بــەڵام کەســانی ئاســایی زانیــاری ئەوتۆیان لەســەر ئەو کەیســانە هەیە کەســی ســکاڵاکار بۆخۆیشــی ئــەو شــتانە نازانیت، یان زۆر جار هەندێک لەکارمەندانی کەهیچ پیوەندیەکیان بە لێکۆڵینەوە نیە لەرێگــەی فزولێەت و پرسیار کردن و گوێگرتن لەکەیسەکان، ن‌هێنی کەیســەکان لــەزاری ئەوانەوە بڵاو دەبێتەوە.باســدەکریتەوە دەبێتە گاڵتــە ئامێزی دەمــی خەڵک و هەموو ن‌هینیەکان ئاشــکرا دەبن دواتر دادگا ناتوانێت بەگات بەڕاســتیەکان بەهۆی زانینــی تۆمەت بار بەلگەکان دەســت بەجێ بەڵگە تاوانیەکان لەناودوبات .

تازەترین ڕوداویش، دۆســیەی کچێکی تەمــەن ١٩ ســاڵانە، کە ســکاڵای لە کەسێک کردوە و یستویەتی کەیسەکەی بەن‌هێنــی و بێ ئــاگاداری خێزانەکەی بێت، وەکخۆی بۆی گێڕامەوە، هێشــتا نەگەیشــتەوەتە ماڵــەوە خێزانەکەی ئاگادار کراوەتەوە، ئەمەش کێشەی بۆ کچە دو بەرامبەر زیاد کردوە.

ئــەم حاڵەتە لەزۆری کەیســی دیکەدا هەیــە، زۆرێک لەوانەی کە کەیســیان لە دادگایە، ســکاڵا لــەوە دەکەن کە کەیسەکانیان بە نهێنی ناهێڵرێتەوە.

لە راپرسیەک دا کە سەنتەری «وەلا» دا ئەنجامی داوە لەگەڵ ئەو کەســانەی کە ســکاڵاکارن یان تۆمەتبارن، لەکۆی ٥٠ بەشــداربوی راپرســیەکە، راپرسی ٣٥ کەســیان دەڵین لێکۆڵینەوەکەمان بەشێوەی ن‌هێنی نەبوە!

جگە لــەوەی هەندێک لەو کەســانەی کەبەشدارن لە لێکۆڵینەوە، بەشداردشن لە دزە پێکردنی زانیارییەکان، هاوکات ئــەو ڕێوشــوێنانەش دەگیرێتە بەر بۆ پاراســتنی نهێنی کەیسەکان، بە لاواز دەبینم. بۆنمونە، لەژوری ئاشــتەوایی دادگای کــەلار، کەدەبێت شــوێنێکی پارێــزراو بێــت و تایبەتمەندی کەس و کەیســەکانی تیــا بپارێزرێت، بەڵام بــەو پێیەی شــوێنەکە هێندە بچوک و نەشیاوە، وتەی کەسەکان لە دەرەوەی ژورەکە زۆر بە رونی دەبیسترێتەوە!

بۆیە ئەوەی پێویســتە لەلایەن دەزگای دادوەرییــەوە بکرێــت، توندتر کردنی ڕێوشــوێنەکانی پاراســتنی نهێنــی دۆســیەکانە، کە ئەمەیان نەک لەروی یاســاییەوە، بەڵکو لــەروی ئەخلاقی پیشــەییەوە، یەکێکە لــە بنەما هەرە گرنگەکانــی هەر پیشــەیەک، چ جای پیشەیەک کە پەیوەندی ڕاستەوخۆی بە کەرامەتی مرۆڤەکانەوە هەبێت.

گەرمیان: ڕێژەی لەدایکبونی منداڵی کوڕ زۆرترە لە منداڵی کچ

■ نەوژین

بەگوێرەی ئامارەکانی تەندروستی، لەگەرمیان تێکڕا ڕێژەی لەدایکبونی منالآنی کوڕ لەماوەی چوار ساڵی رابردودا، زیاترە لە تێکڕا لەدایکبونی منالآنی کچ.

بەپێی ئەو ئامارانەی کە لەبەردەست (نەوژین) دان، لەماوەی ساڵانی ٢٠١٣ هەتا ٢٠١٦، ڕێژەی لەدایکبونی منالآنی کوڕ بریتیی بوە لە (١٣ هەزارو ٤٣٣) منالّ، لەبەرامبەریشدا ڕێژەی لەدایکبونی منالآنی کچ (١٢ هەزار و ٤٧٢) منالّ بون.

هەربەپێی ئامارەکە، لەم چوار ساڵەدا، جگە لەساڵی ٢٠١٦، سێ ساڵەکەی دیکە ڕێژەی لەدایکبونی منالّی کوڕ زیاتر بوە لەهی کچ بەجیاوازیەکی زۆر.

بەپێی ئەو ئامارە، لەماوەی ساڵی ٢٠١٣ دا، ٦ هەزار و ١٥٠منالأ لەدایکبون. لەو ڕێژەیە، ٣ هەزار و ١٨٥ لە ڕەگەزی نێرە، ٢ هەزار و ٢٩٦ لە ڕەگەزی مێیە.

لەو ڕێژە لەدایکبونە، ٢ هەزار و ٧٩٦ منالّ بە نەشتەرگەری لەدایکبون، ئەوانی دیکە بە سروشتی. هەروەها ٥١ منالّ بە مردوی لەدایکبون یان لەبارچون.

زۆرترین لەدایکبونی منالآن لەم چوارساڵەدا، لەساڵی ٢٠١٤ دا بوە، ، کە ٧ هەزار و ٩٨٣ منالّ لەدایکبون. لەو ڕێژەیە، ٤ هەزار و ١٨٦ لە ڕەگەزی نێر بو و ٣ هەزار و ٧٩٧ لە ڕەگەزی مێ بون. لەو ڕێژە لەدایکبونە، ٣ هەزار و ٣٤٢ منالّ بە نەشتەرگەری لەدایکبون، ئەوانی دیکە بە سروشتی. هەروەها ٧١ منالّ بە مردوی لەدایکبون یان لەبارچون. هەروەها (١١٦) منالّی دوانەش لەدایکبون.

ئەو ئامارە کەلەلایەن بەڕێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی گەرمیانەوە بە (نەوژین) دراوە، بۆ ساڵی ٢٠١٥ ئەوەی ئاشکرا کردوە کە ٧ هەزار و ٢٠٢ منالّ لەدایکبون. لەو ڕێژەیە، ٣ هەزار و ٦٣٣ لە ڕەگەزی نێرە، ٣ هەزار و ٥٦٩ لە ڕەگەزی مێیە.

ساڵی ٢٠١٦، تاکە سالە کەلەدایکبونی منالآنی کچی زۆرترە لەکوڕ، بەشێوەیەک لەوساڵەدا ٥ هەزار و ٢٣٩ منالّ لەدایکبون. لەو ڕێژەیە، ٢ هەزار و ٤٢٩ لە ڕەگەزی نێرە، ٢ هەزار و ٨١٠ لە ڕەگەزی مێیە. لەو ڕێژە لەدایکبونە، هەزار و ٥٧٤ منالّ بە نەشتەرگەری لەدایکبون، ئەوانی دیکە بە سروشتی. هەروەها ٢٥ منالّ بە مردوی لەدایکبون یان لەبارچون.





د. بنار سەردار، پزیشکی ڕاهێنراو لە نەخۆشییەکانی پێست:

هەندێک لەنەخۆشیەکانی پێست هۆکارەکەی بۆماوەییە



■ نەوژین، سوزان خەلیل

پێست و نەخۆشیەکانی، یەکێکن لەو بوارە تەندروستی و پزیشکیانەی کەبەلای ژنانەوە گرنگییەی زۆری هەیە. ئەم گرنگیپێدانەش وایکردوە کە بەردەوام ژنان خەمیان بێت و بیانەوێت لەبارەی نەخۆشیەکانی پێست و چارەسەرەکانییەوە بزانن، هەروەک پەنا بۆ زۆر چارەسەری دیکەش بەرن کە هەندێکجار لێکەوتەی خراپیشی لێبکەوێتەوە لەسەرتەندروستییان.

لەمیانەی دیدارێکدا، خاتونی پزیشکی راهێنراوی نەخۆشیەکانی پێست: (د. بنار سەردار محەمەد) هەندێک زانیاریی لەبارەی نەخۆشیە بەربڵاوەکانی پێست و هۆکارەکانی رون دەکاتەوە.

* هۆکارەکانی نەخۆشی پیست چین و چی دەبێتە هۆی توش بون بە نەخۆشیەکانی پێست؟

هەرکۆمەڵە نەخۆشییەک هۆکاری خۆی هەیە، نەخۆشیمان هەیە هۆکاری هەوکردنە «التهابات» جا بەهۆی بەکتریا بێت یان ڤایرۆس. بۆنمونە: زیپکە، نەخۆشییەکە کەهۆکارەکەی چەوری پێستە بەهۆی زیادبونی ڕێژەی چەوری ئەوا ئەو چەوریە لە سەر پێست بەدیار دەردەکەوێت.

* ئایا بۆماوەیی کاریگەری هەیە لەسەر نەخۆشییەکانی پێست؟

بەڵێ، لەکۆمەڵێک نەخۆشی پێست بۆماوەیی کاریگەری زۆری هەیە لەسەر نەخۆشەکە. هەندێکجاریش نەخۆشیەکان هۆکاری دیکەی هەیە.

* هەندێک لەو ژنانەی کەنەخۆشیی پێستیان هەیە گلەیی ئەوەدەکەن کە دەرمانەکانیان لە نەخۆشخانە دەستناکەوێت و دەبێت لەدەرەوە بیکڕن، هۆی چیە؟

دەرمانەکان لەنەخۆشخانە هەیە، بەڵام هەندێکی دەستناکەوێت لەنەخۆشخانە بۆیە لەدەرەوە دەیکڕن.

* ئەو نەخۆشانەی سەردان دەکەن زیاتر لە چ ڕەگەزێکن؟

زیاتر ئافرەت و منالّ سەردان دەکەن.

* بەگشتی چەند جۆر نەخۆشی پێست بونی هەیە یان جۆرە بەربڵاوەکانی نەخۆشیەکانی پێست چیین؟

نەخۆشییە پێستییەکان بەگشتی زۆرن، بەڵام ئەوەی زۆر دیار و بەربڵاو بێت نەخۆشی: (زیپکە و پەڵە، ئێکزیما، وشکە بیرۆکە هی منالّە) ئەم نەخۆشییانە بەزۆری بەربڵاون کەلەخوارەوە رونیان دەکەینەوە.

◀ **زیپکە:**

نەخۆشیەکی پێستیە، بە هۆی گۆڕانکاری لە چەوریە ڕژێنەکانی پێستەوە دروست دەبێت، لەوانەشە بە هۆی هەوکردنەوە روبدات.

زیپکە زۆر لە تەمەنی هەرزەکاریدا دروستدەبێت، کە توشی زیاتر لە ٨٥٪ هەرزەکاران دەبێت، زۆربەی جار بەردەوام دەبێت لە تەمەنی پاش هەرزەکاریشدا.

زیپکە زۆربەی جار لە دەم و چاو و سەروی مل بەدیار دەکەون، بەڵام لەوانەیە لە سنگ و پشت و شانەکانیش دروست ببن.

◀ **ئەکزیما :**

جۆرێکە لەجۆرەکانی هەوکردنی چینەکانی روی سەرەوەی پێست، وادەکات ئەو بەشەی پێست روبەروی وشکبونەوەی بەردەوام و پەڵە و سوربونەوە بێت و شوێنی نەخۆشیەکەش بەبەردەوامی بخورێت.

◀ **وشکەبیرۆ:**

ئەم نەخۆشییە زیاتر تایبەتە بە منالآن و نەخۆشییەکی پێستیی هاوبەشی نێوان مرۆڤ و ئاژەڵە و دەگوازرێتەوە کە شوێنەوار لەسەر روخساری منالآن جێدێڵێت.

یاریزانی گۆڕەپان و مەیدان (هاوژین مەحمود):

بەهۆی نەبونی ڕاهێنەرەوە گەرمیانم بەجێهێشت

▪ نەوژین، بێریڤان محەمەد

ئەگەرچی ڕێگریی و ئاستەنگی زۆری هاتوەتە پێش، ئەگەرچی بەهۆی نەبونی ڕاهێنەرەوە بەشی پێویست ڕاهێنانی پێنەکراوە، بەڵام (هاوژین) توانیویەتی وەکو کچێکی وەرزشکار لە گەرمیانەوە خۆی پێبگەیەنێت و ئێستا بۆ یانەیەکی شاری سلێمانی یاریی بکات لە یاریەکانی گۆڕەپان و مەیدان، لەو ڕوەشەوە خاوەنی چەندین دەستکەوت و نازناوە.

هاوژین مەحمود، لە ساڵی ١٩٩٤ لە قەزای کەلار هاتوەتە دونیاوە، لەدوای ساڵی ٢٠٠٨ەوە هەر لە تەمەنێکی زەوەوە تێکەڵ بە بواری وەرزش بوەو دەستی بە یاریکردن کردوە، ڕەنگە هۆکاری ئەمەش ئەو حەز و خولیا زۆرە بێت کە بۆ وەرزش هەیبوە.
ئەو سەرباری کەمی دەرفەت بۆ کچانی وەرزشکار و نەبونی زەمینەیەکی لەبار، بەڵام توانیویەتی تواناکانی خۆی پەرەپێبدات، لەوچوارچێوەیەشداو لەماوەیەکی کەمدا توانیویەتی بەرەوپێشەوەچونێکی باش لە ژیانی وەرزشی خۆیدا بەدیی بێنێت.
هاوژین، پاش ئەوەی لەگەرمیان بناغەکانی ژیانی وەرزشی داناوەو لەریزی یانەی شێروانە یاریی کردوە، لەئێستادا بۆ تیپی کچانی گۆڕەپان و مەیدانی یانەی (سیروانی نوێ) لە شاری سلێمانی یاریی دەکات.
لەژیانی وەرزشیی خۆیدا، ئەم کچە وەرزشکارە خاوەنی چەندین نازناو و پاڵەوانێتییە، چ لەسەر ئاستی عێراق، چ لەسەر ئاستی کوردستان، لە زۆرێک لە پاڵەوانێتیەکاندا یارییکردوەو خاوەنی دەستکەوتی باش بوە، لەوانە: دوجار بەدەستهێنانی پلەی دوەم لە پاڵەوانێتی یانەکانی عێراق لەئاستی کچان بۆ گۆڕەپان و مەیدان لەساڵانی ٢٠١٥ و ٢٠١٦، هەروەها بەدەستهێنانی پلەی دوەم لە پاڵەوانێتیەکانی یانەکانی باکور، لەگەڵ بەدەستهێنانی پلەی پێنجەم لە مەراسۆنی هەولێری نێودەوڵەتی.
لەبارەی جێهێشتنی گەرمیان و روکردنە یانەیەکی شاری سلێمانی، ئەو کچە وەرزشکارە ئاماژەی دا کە دەرفەتی پێگەیاندنی کچانی وەرزشکار لەگەرمیان کەمترە، بەتایبەتی بەهۆی نەبونی ڕاهێنەرەوە. وتی: «هۆکاری چونم بۆ یانەی سیروانی نوێ بەهۆی بێ ڕاهێنەریی بو لەگەرمیان».

هاوژین مەحمود

ئەگەرچی زۆرجار کچانی گەرمیان لەتەمەنێکی مناڵ دا تێکەڵ بە وەرزش دەبن، بەڵام زۆرینەیان نە بەردەوام دەبن و نە دەشتوانن بەرەوپێشەوەبچن و دەستکەوت و نازناوی ئەوتۆ بەدەست بێنن.
بەڵام هاوژین هۆکاری بەرەوپێشەوەچونی خۆی، بۆ ئەو پاڵپشتییە دەگێڕێتەوە کەلەخێزان و هاوڕێکانیەوە لێیکراوە.
لەوبارەوە دەڵێت: «ماڵەوەمان زۆر هاوکارم بون، بەتایبەتی باوکم و بەبەردەوامی هانیان دەدام و پشتیوانییان دەکرد، لەگەڵ هەندێک هاوڕێم دا بەتایبەت هاوڕێم بەختیار نەجمەدین».
باسیلەوەشکرد کەلەگەرمیاندا کچانی وەرزشکاری زۆر باش هەن، و لەناو کچانی تازەپێگەیشتودا توانای باش دروست دەبن، بەڵام بەهۆی گرنگیی پێنەدان و نەرەخساندنی دەرفەت و زەمینە بۆیان، زۆرجار ئەو تواناینە لەدەست دەچن.
لەوبارەوە دەڵێت: «داوا لە بەرپرسانی گەرمیان دەکەم کە پشتیوانی کچانی وەرزشکار بکەن و ئاسانکارییان بۆ بکەن، تاوەکو ئێمەش بتوانین وەکو کچانی شارەکانی دیکە بەشداری لەپاڵەوانێتیەکاندا بکەین و ئەنجامی باش بەدەست بێنین.»

ئەوکاتەی لەبیرچونەوە دەبێتە نیعمەت!



▪ ن: کیوان شاهبداغی
▪ لەفارسیەوە: عەلی کەریم

ساکەکەیمان بەستەوە، بڕیاربو ئەویش وێنەی خاتونە پیرەکانی دی بگوێزرێتەوە بۆ خانەی ساڵمەندان. لە نێو ساکەکەیدا قورئانێک، کەمێک نان و ڕۆن، کشمیش و شیرینی هەبون.
دواتر لەسەرخۆیی وتی:

+ دایەگیان من کە شتێکی زۆر ناخۆم، لەوێش لە سوچێکدا بۆخۆم بەتەنهایی دادەنیشم. ئەی ناکرێت لای تۆ بمێنەوە، وای کە دڵم بۆ نەوەکانم تەنگ دەبێت!
– دایەگیان درەنگ وەختە، ڕوو پۆشەکەیشت ئامادەیە، چاوەڕوانتن!

+ کێ چاوەڕوانمە، ئەوانەی کە هەرگیز منیان نەبینیوە؟ بەردەوام بوو: ئاخ ڕۆڵەگیان مرۆڤ لەوێندەرێ شێت دەبێت! خۆ من لێرە کارم بەکاری کەسەوە نیە. دەکرێت لەمەودوا هەرگیز قسان نەکەم؟ ئێستا دەتوانم لێرە لای تۆ بمێنەوە؟
– ئای دایکە گیان تۆ نەخۆشی ئەلزهایمەرت گرتووە، وا خەریکە هەموو شتەکانت بیردەچێتەوە!

+ وای ڕۆڵەگیان ئەو نەخۆشیەی کە من گرتوومە و ناوێکی قورسی هەیە، پێم قبوڵە، ئەی تۆچی ڕۆڵە گیان؟ ئەی تۆ بۆ هەموو شتەکانت بیرچووەتەوە کچەکەم؟
خەجاڵەتی سەرتاپا دەرونمی هەژاند، ڕاستی فەرموو، هەمو ساوایی و نەوجەوانی و سەرتاپای عیشق و خۆشەویستم فەرامۆش کردوو، کە ئەمەش بەشێک بوو لە ناسنامە و بنەچە و بوونم، ڕاستی فەرمو، من هەمو شتێکیم بیر چوبوەوە! دەستبەجێ تێلێکم کرد بۆ خانەی ساڵمەندان و ئاگادارم کردنەوە کە ئێمە جارێک بەنیاز نین بێین. ئیتر لەوکاتەدا نەمتوانی سەرەنجی بزەی سەر لێوی چۆچولۆچ و نیگا میهرەبانەکانی دایکەکەم بدەم. دووبارە جانتاکەیم کردووەوە، هەموو خواردەمەنی و شیرینیەکانی نێو جانتاکەیم بەتاڵکردەوە.

«من کە ئەونەخۆشیەم نیە، بەڵام ئاخ هەندێکجار ئەلزهایمەر چ نیعمەتێکە!»

+ پێی وتم بخۆ دایەگیان ماندوو بوویت ئەوەندە جانتاکەت کردەوە و بەستتەوە. منیش دەستە چرچ و لۆچاویەکەیم ماچ کرد و پێم وت:
– دایەگیان بمبەخشە، گەردنم ئازاکە، گوێیمەدەرێ.
پاشان فرمێسکەکانی بەچمکێکی سەرپۆشەکەی سڕیەوە و وتی:

+ لە چی ببورم دایە گیان من کە هیچم لەبیر نیە! هەمویم لەبیر دەچێت، تۆ وتت نەخۆشی چیم گرتووە؟ ئەل.... چی؟ ئەم دکتۆرانە چ جۆرە ناوێک بۆ نەخۆشەکانیان دادەتاشن!
– ئیتر دوای ئەوە نەمتوانی لە نیگای پاکی و فرمێسکەکانی و پرچەسپیەکەی بنوارم. هەر لەوکاتەدا بەدەستە لەرزانەکانی پرچی کچەکەمی شانە دەکرد و لە ژێر لێوەکانیەوە وتی:
«من کە ئەو نەخۆشیەم نیە، بەڵام ئاخ هەندێکجار ئەلزهایمەر چ نیعمەتێکە!»

دەربارەی

نەوژین

نەوژین، ڕۆژنامەیەکی سەربەخۆی تایبەتمەندە بە پرسەکانی ژنان، مانگانە لەلایەن ڕادیۆی دەنگ لە گەرمیان بڵاودەکرێتەوە.
ڕادیۆی دەنگ، پرۆژەیەکی میدیایی سەربەخۆیە لە ناوچەی گەرمیان، لە ٢٠١٠ دوە بە پەخشی ڕادیۆیەکی لۆکاڵی دەستی پێکردووە پاشان وێبسایتێکی داناوە.
ڕۆژنامەی نەوژین یەکێکە لە چالاکیەکانی پرۆژەی ڕادیۆی دەنگ بە پاڵپشتی سندوقی نیشتمانی بۆ دیموکراسی (NED) ئەمریکی.
سندوقی نیشتمانی بۆ دیموکراسی (NED) دامەزراوەیەکی ئەمەریکی قازانجنەویستی تایبەتە بە گەشەپێدان و پاڵپشتیکردنی دامەزراوە دیموکراتییەکان لەهەمو جیهاندا، کەلەلایەن کۆنگریسی ئەمەریکییەوە ساڵانە بودجەی تایبەتی بۆدیاریدەکرێت.
ڕۆژنامەی نەوژین یەکێکە لە چالاکیەکانی پرۆژەیەکی ڕادیۆی دەنگ کە لەلایەن سندوقەکەوە پاڵپشتیی دەکرێت.
ڕۆژنامەنوسانی ئەم ڕۆژنامەیە، ژمارەیەک کچن کەپێشتر خولێکی ڕاهێنانیان لەلایەن ڕادیۆی دەنگەوە بۆئەنجامدراوەو زۆرینەیان پێشتر کاری ڕۆژنامەوانییان نەکردوە.

بۆ پەیوەندیکردن بە ڕۆژنامەکەوە:

تەلەفۆن:
٠٧٤٨٠٢٠٧٤٠٠

ئیمەیڵ:
nawzhinnewspaper@gmail.com

فەیسبوک:
nawzhinnewspaper

دەتوانن لەماڵپەڕی ڕادیۆی دەنگ کۆپی ئیلیکترۆنی ژمارەکانی ڕۆژنامەکە ببینن
www.radiodang.org

پێنج راستیی لەبارەی (هیلاری کلینتۆن)ەوە

■ نەوژین

هیلاری کلینتۆن، ئێستا یەکێکە لەدیارترین ژنە سیاسییەکانی ئەمریکا، ئەو رەگەرچی هەمو پێشبینییەکان بەو ئاراستیە بن کە ببێتە یەکەمین ژنە سەرۆک لەمێژوی ئەمریکادا، بەڵام لەهەڵبژاردن دا بە دۆناڵد ترامپی رکابەری دۆڕا.
لەم راپۆرتەدا کە سایتی بی بی سی عەرەبی ئامادەی کردوە، تیشکی خستوەتە سەر پێنج راستیی لەبارەی ژیانی ئەم خانمە سیاسەتوانەوە.

١. «هەمیشە تەڕ»، ناوە نهێنیەکەی هیلاری:
کاتێک لە کۆشکی کۆماری دا بوە دەمێک کە بیلی هاوسەری سەرۆکی ئەمریکا بوە، ناوە نهێنیەکەی «Evergreen» بوە کەبەمانای هەمیشە تەڕ و هەمیشە سەوز و گەنج دێت. بیل کلینتۆنیش ناوە نهێنیەکەی «هەڵۆ» بوە.

٢. براوەی خەلاتێکی ئەڵمانیە:
لەساڵی ١٩٩٧، هیلاری خەڵاتێکی ئەڵمانی بردەوە کە خەلاتەکە تایبەتە بە باشترین ئەلبومی نا میوزیکی، ئەویش لەبەرامبەر نوسخەی دەنگیی کتێبەکەی « It Takes a Village» ، کە خۆی دەیخوێنێتەوە، لەو کتێبەشدا باس لە فێرکردنی مناڵ و باشکردنی ژیانیان دەکات.
هیلاری چەندین کتێبی دیکەشی هەیە کەیەکێکیان سەربوردەی ژیانێتی بەناوی «مێژوی زیندو».

٣. یەکەمین خانمی یەکەم کە بۆ پۆستی سیاسی خۆی هەڵدەبژێرێت:
هیلاریی دەبێتە یەکەمین ژنی سەرۆک کۆمارەکانی ئەمریکا، کە لە بواری سیاسیی دا کاردەکات. ساڵی ٢٠٠٠ خۆی بۆ پۆستی ئەنجومەنی پیران لە ویلایەتی نیویۆرک کاندید کرد و براوە بو. لەساڵی ٢٠٠٦ دا دوبارە هەڵبژێردرایەوە.

٤. رودهام یان کلینتۆن؟
کاتێک هیلاریی شوی بە بیل کلینتۆن کرد، نازناوەکەی نەخستە سەر ناوی مێردەکەی، بەڵکو هەر بە ناوی پێشوی خۆیەوە کە «رۆدهام» بو مایەوە، واتا لە بری ئەوەی بە هیلاری کلینتۆن بانگ بکرێت، بە هیلاری رۆدهام بانگ دەکرا. بەڵام دوای ئەوەی بیلی هاوسەری بو بە سەرۆکی ئەمریکا، نازناوەکەی ئەوی بۆ ناوەکەی خۆی زیاد کرد و بەڵام رۆدهامەکەی هەر هێشتەوە، واتا بو بە: «هیلاری رۆدهام کلینتۆن».

٥. بیست ساڵە ئۆتۆمبیلی لێنەخوڕیوە:
لەمیانەی کۆنگرەیەکی رابیتەی بازرگانانی ئەۆتۆمبیل لە نیوئۆرلیانز، هیلاری رایگەیاند کە لەساڵی ١٩٩٦ ەوە تائێستا ئۆتۆمبیلی لێنەخوڕیوە.
وتیشی: دەزگای ئیستخباراتی نهێنی کاری شۆفێری بۆ دەکەن، بۆیە ئەو دەستبەداری ئەو کارە بوە.

ژنە بۆیاخچییەکی ٦٠ ساڵە دەبێتە خوێندکاری زانکۆ

■ نەوژین

ئەم ژنە میسریە کەلەوێنەکەدا دیارە، تەمەنی ٦٠ ساڵەو ماوەی ١٦ ساڵەو پاش مردنی هاوسەرەکەی، کاری بۆیاخکردنی پێڵاو ئەنجام دەدات. ئەم بارودۆخە واینەکردوە رایبگرێت لە بەدیهێنانی خەونەکانی، بەڵکو بەم رەوش و تەمەنەوە، گەڕاوەتەوە زانکۆ و دەیەوێت خوێندن تەواو بکات.

پێگەی «اليوم السابع»ی میسری، راپۆرتێکی لەبارەی ئەو ژنە بڵاوکردوەتەوە کەبە «ام حسن = دایکی حەسەن» ناسراوەو دەڵێت: «یەکێکە لەبەناوبانگترین بۆیاخچیەکانی شاری ئەمبابە لە پارێزگای جیزەی میسر».
باسلەوەشدەکات کە ئەم ژنە خاوەنی بڕوانامەی دبلۆمی لە بازرگانی دا هەیە و ئێستاش لە زانکۆی «حەلەوان» بوەتە خوێندکار لەبەشی خزمەتگوزاریی کۆمەلایەتیی.
دایکی حەسەن یەکێکە لەو ژنانەی کە واقیع نەیانتوانیوە چۆکی پێدابدەن و خۆیان بدەنە دەست رۆژگار.
دایکی حەسەن، دەڵێت: «هەرگیز بەبیرمدا نەهاتوە ببمە بۆیاخچی پێڵاو، بەڵام بارودۆخ وایخواست، ئێستا من شەرمەزار نیم بەم پیشەیەم، بەڵکو کاسبیەکی حەلاڵەو لەرێگەیەوە پێنج مناڵەکەم بەخێو دەکەم».
جەختیشدەکاتەوە: «مناڵەکانم گرنگترین شتن لەژیانمدا، بۆیە دەبێت ئیش بکەم بۆ ئەوەی بەخێویان بکەم و پێیان بگەیەنم».
دایکی حەسەن باسیلەوەکردوە بەردەوام خەونی ئەوەبوە کە خوێندن تەواو بکات، بەلام بەهۆی ئەوەی مناڵەکانی بچوک بون، نەیتوانیوە ئەو خەونەی بەیدبێنێت، ئێستاش پاش گەورەبونیان، ناوی خۆی تۆمارکردوە لە زانکۆ.
ئاشکراشیدەکات کەخەونەکانی لێرەدا کۆتاییان پێنەهاتوە، بەڵکو دەیەوێت پاش تەواوکردنی خوێندن ببێتە پارلەمانتار بۆ ئەوەی «داکۆکی لە هەژاران» بکات. دەشڵێت: :خەونەکان هەرچەند قەبارەیان گەرە بێت، بەڵام بەدیهاتنیان مەحاڵ نیە».

لەکفری یەکەمین گروپی کچانی شێوەکار لەدایکدەبێت

بەشێک لەئەندامانی گروپی کیژانی شێوەکاری لەکفری

■ نەوژین، ئەشرەف ئەحمەد

ژمارەیەک کچە هونەرمەندی شێوەکار لەشاری کفری، لەکارێکی بێپێشینەدا، هەستاون بە دروستکردنی گروپێکی شێوەکاریی تایبەت بە ژنان، ئەندامانی گروپەکە باسلەوەدەکەن کە ئەم ئەگروپە رۆڵی دەبێت بۆ دۆزینەوەی توانا هونەرییەکانی کچان، هەستدەکەن کارکردن بە گروپ بەرەوپێشەوەچونی کارەکانیان ئاسانتر دەکات.

گروپی کیژانی شێوەکار لە کفری، ناوی ئەو گروپەیە کە ماوەی نزیکەی ساڵێکە، ژمارەیەک لەکیژانی هونەرمەند لەسنوری قەزای کفری سەر بە ئیدارەی گەرمیان، هەستاون بەردوستکردنی. لەم ماوە کەمەدا، توانیویەتی خۆی وەکو گروپێکی جیدیی هونەریی بسەلمێنێت.
گوڵاڵە حەمید، سەرۆکی گروپەکە، باس لەوەدەکات کەبونی بۆشاییەک لەکاری هونەریی بۆ ژنان، پاڵی پێوەناون بۆ دەستکردن بەم هەنگاوە.
ئەو بۆ (نەوژین) وتی: «هەستمان بە بۆشایەکی زۆر دەکرد لە هونەری شێوەکاری تایبەت بە خانمان، بۆیە بەباشمان زانی گروپێکی تایبەت بە خانمان بکەینەوە«.
ئامازەی بەوەشکرد: «گروپی کیژانی شێوەکار لە کفری تایبەتە بە خانمان بۆ ئەوەی لە رێگەی ئەم گروپەوە بتوانین توانای شاراوەی هونەریی لەنێو کچانی قەزاکە ببینینەوە».
سەرۆکی گروپی کیژانی شێوەکار لەکفری، دەشڵێت: ئەم گروپە دەیەوێت ئەو کچانەی پەیمانگا تەواو دەکەن، دانەبڕێن لەکاری هونەریی و لەرێگەی ئەم گروپەوە درێژە بە هونەرەکەیان بدەن.
کچانێکیش کە دەرچوی پەیمانگای هونەرەجوانەکانن، بونی ئەم گروپە بەگرنگ دەزانن و پێیانوایە رۆڵی باشیی دەبێت بۆ ئەوەی کچانی دەرچو بەردەوام بن لەسەر کاری هونەریی.
دیلان سەلام، کە ئەندامی گروپەکەیەو دەرچوی پەیمانگای هونەرەجوانەکانە، بە (نەوژین)ی وت: «بونی ئەم گروپە زۆرگرنگە، چونکە وایکردوە بتوانم پەرە بە هونەرەکەم بدەم و بەردەوام بم لەکارەکانم دا».
ئەو کچە نمونەی ئەوەی هێناوەتەوە کە لەرێگەی گروپەکەوە بەشداریی لە پێشانگایەکی بەرفراواندا کردوە، کەتوانیویەتی لەپێشانگاکەوە بەهرەکانی خۆی بخاتە رو، هەروەک تابلۆکانیشی ببیێتە جێگەی سەرنجی بینەران و ٧ تابلۆشی بفرۆشێت.
یوسرا عەلی، کچێکی تری ئەندامی گروپی کچانی شێوەکارە لەکفری، باسیلەوەکرد ئەم گروپە رۆڵێکی باشی هەبوە بۆ پەرەدانی زیاتر بەکارەکانیان.
یوسرا، وتی: « ئەم گروپە بوە هوکارێک کە من بتوانم پەرە بە هونەرەکەم بدەم و کاری جدی بکەم بۆ هونەرەکەم و واز لە هونەر نەهێنم و هەمیشە هەوڵ بو ئەوە بدەم ئەو حەز و ئارە زوەی هەمە لە ناخمدا نەمرێت».
ئەو کچە شێوەکارە، باس لەوەدەکات لەکۆمەڵگایەک دا کە توندوتیژی و پێشێلکارییەکی زۆر بەرامبەر بە ژنان دەکرێت و مافەکانیان پێشێل دەکرێت و ئاستەنگ و رێگرییان بۆ دروستدەکرێت، بونی گروپی لەمشێوەیە وەلامێکی گرنگە کە ژنان دەستەوەستان نابن و بەردەوام دەبن بۆ بەدەستهێنانی مافەکانیان.
یوسرا، وتی: «ئاشکرایە پێشێلکردنی ماف و توندوتیژیەکی زۆر بەرامبەر ئافرەتان دەکرێت، لە رێگەی ئەم گروپەوە و بە تابلۆ و هونەر، وەلامی ئەو پێشێلکاریانە دەدەینەوە.»
ئەم گروپە، ئەگەرچی لەناونیشانەکەی دا وشەی شێوەکاریی هەیە، بەڵام تەنها خۆی لەکاری شێوەکاری کەمەبەست لێی کێشانی وێنەو تابلۆیە، قەتیس نەکردوە، بەڵکو جێگەی بۆ هەندێک جۆری هونەر و ئیشی دەستیی کردوەتەوە.
گوڵاڵەحەمید، کە سەرۆکی گروپەکەیە، وتی: «ئەم گروپە تەنها دەرچوانی پەیمانگا و کچانی شێوەکار لەخۆناگرێت، بەڵکو ئەو خانمانەی توانایان هەیە لە بواری دەستیدا یاخود هەر توانایەکی خورسکیان هەیە لە کاری هونەری شێوەکاریی دەتوانن ببنە ئەندام».
گوڵاڵە، ئاماژەی بەوەشکرد کە گروپەکە ئەگەرچی ناوی کفری یە، بەڵام تەنا تایبەت نیە بەکچانی شارەکەیانەوە، بەڵکو کچانی شێوەکار لە شوێن و جێگەکانی تری گەرمیانیش دەتوانن ببنە ئەندامیان.
دەرباز مەجید، کە سەرپەرشتیاری گشتی هەردو گروپی شێوەکارانی گەلەری کفری و گروپی کیژانی شێوەکارە لە کفری، ئامازەی دا کە ئامانجی ئەوان لە پێکهێنانی ئەم گروپانە ئەوەیە کفری ببێتە ناوەندێک هەمو توانا هونەریەکانی گەرمیانی تێدا کۆبکرێتەوەو پەرەی پێبدرێت.